# گۆڤاری پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

٤٦٧

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ٤٦٧ –گوڵانی – ئاپریلی ٢٠٢٥





**ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**بەبۆنەی ئەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی جیهانی کرێکار**

**ڕاگەیاندنی هاوبەش**

**بەبۆنەی ئەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی جیهانی کرێکار**




**ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان**

**بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی کرێکار**

**بەبۆنەی ئەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی جیهانی کرێکار**

**پێویستی بردنەسەری ئاستی ڕێکخستنی جەماوەری و چینایەتی کرێکاران**

### سەروتار

## لە چ بارودۆخێکدا پێشوازی لە ئەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی جیهانی کرێکار دەکەین؟

ئەمساڵیش چینی کرێکاری ئێران لە بارودۆخێکدا بەرەوپیری ئەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی جیهانی کرێکار دەچێت کە حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران بە دیاری کردنی حەقدەستی چەند قات ژێر هێڵی هەژاری بۆ جارێکی دیکە هێرشی کردووەتە سەر سفرەی بەتاڵی بنەماڵە کرێکارییەکان. شۆرای باڵای کاری حکوومەتی ئسیلامی سەرمایەداران لانیکەمی حەقدەستی کرێکارانی لە ساڵی ١٤٠٤ بە بردنەسەری ٤٥٪، لە حەوت ملیۆن و ١٠٠ هەزار تمەنەوە گەیاندووەتە دە ملیۆن و ٣٠٠ هەزار تمەن. وە لانیکەمی حەقدەستی کرێکارانی خێزانداری بە دوو منداڵەوە لە ١١ ملیۆن و ٦٠٠ هەزار تمەنەوە بۆ ١٦ ملیۆن و ٣٥١ هەزار تمەن لە مانگدا زیاد کردووە. لانیکەمی حەقدەستی کرێکارنی خێزانداری بێ منداڵیشی لە ٩ ملیۆن و ٩٠٠ هەزار تمەنەوە بۆ ١٣ ملیۆن و ٩٠٩ هەزار تمەن زیاد کردووە. حەقی خاروبار لە ملیۆنێک و ٤٠٠ هەزار تمەنەوە بۆ دوو ملیۆن و ٢٠٠ هەزار تمەن گۆڕدراوە و حەقی مەسکەن کە ٩٠٠ هەزار تمەنە هەر وەک خۆی ماوەتەوە وزیاد نەکراوە. هەڵبەت زۆربەی کرێکارانی ئێران کە یاسای کار نایانگرێتەوە، تەنانەت ئەم لانیکەمەش وەرناگرن

دیاری کردنی ئەم ئاستە لە لانیکەمی حەقدەست لە کاتێکدایە کە لە دنیای واقعیدا هەزینەی سەبەدی مەعیشەتی کرێکاران کە لە خەرجی خۆراک و پۆشاک و دەرمانەوە بگرە هەتا کرێی ماڵ و خەرجی هاتوچۆ و پەروەردە و گەشت و سەیران و خەرجی ئینترنێت و هیتر لەخۆدەگرێت، هەمووی لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا بەشێوەیەکی بەرین بەرز بوونەتەوە. ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکان و ناوەندە سەربەخۆکانی توێژینەوە، بە لەبەرچاوگرتنی دابەزینی بەهای ڕیاڵ، تێچووی سەبەدی بژێوی خێزانێکی کرێکاری سێ کەسییان بە نزیکەی ٥٥ بۆ ٦٠ ملیۆن تمەن لە مانگێکدا بۆ ئەمساڵ بەراورد کردووە. شۆرای باڵای کاری ڕژیمی ئیسلامی سەرمایەداران بە سەپاندنی حەقدەستی چەند قات ژێر هێڵی هەژاری و بە یاسایی کردنی هێرش بۆ سەر ئاستی گوزەران و سفرەی بێ ڕەونەقی کرێکاران و چینە هەژارەکانی کۆمەڵگا، لە ڕاستیدا بارگرانی لێکەوتەکانی پەرەسەندنی قەیرانی

ئابووری، مایە پوچبوونی یەک لە دوای ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و لێکەوتەکانی گەمارۆ نێودەوڵەتییەکانی خستۆتە سەر شانی کرێکاران

ئەم هێرشە بێ سنوورە لە کاتێکدایە کە دۆخی سیاسی ئێران بە خێرایی لە ئاڵوگۆڕدایە. قووڵبوونەوەی قەیران و ڕکوودی ئابووری و ئاکامەکانی گەمارۆ نێونەتەوەییەکان، پرتووکاوی ژێرخانە ئابوورییەکان و گەندەڵی و دزی بەرینی کاربەدەستانی حکوومەت، ئابووری ئێرانی خستووەتە سەر لێواری دارمان. سیاسەتە ستراتێژیکە ناوچەییەکانی ڕژیم وەک ڕەمزێکی مانەوەی نیزامی ئیسلامی تووشی شکست بوون. ئیدئۆلۆژی ئیسلامی وەک یەکێک لە پایەکانی دەسەڵات لەژێر فشاری حەقیقەتە کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەت لەژێر فشاری خەباتی بێباکانەی ژناندا سست و لاواز بووە. بێتوانایی ڕژیم لە وڵامدانەوە بە داخوازییە خێراکانی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان، ئاراستەیەکی هێرشبەرانەتری بەم بزووتنەوانە بەخشیوە و سەرهەڵدان و گەشەی ئەم خەباتانەی لە داهاتوویەکی نزیکدا خستووەتە ئاسۆوە. لە کاتێکدا کە دەزگای ڕووحانییەت و ئیدئۆلۆژی ڕژیم توانای مەشرووعییەت بەخشینی بەو هەمووە هەژاری و فەلاکەت و بێمافییە نییە، کۆماری ئیسلامی بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم ڕەوتە زیاتر لە هەموو کاتێک ڕووی کردووەتە ستراتێژی پەرەپێدانی سەرکوت. ئەم ستراتێژییە نەیتوانیوە جەماوەری خەڵک چاوترسێن بکات. لەئێستادا زیندان و ئەشکەنجەخانەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیش بوونەتە سەنگەری خەبات لەدژی ئێعدام و بەرگری لە ئازادی زیندانییانی سیاسی. لەم بارودۆخەدا کۆمەڵگای ئێران گەیشتووەتە ئاستی تەقینەوە. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ کۆنترۆڵکردنی قەیران و ڕێگری لە ڕەوتی دارمانی ئابوورییەکەی، خەریکی ئامادەکارییە بۆ نۆشینی جامی ژەهری تەسلیمبوون لە بەرامبەر ئەمریکادا. لە ئاکامی ئەم بنبەستانەدا، شکست و ناکارامەیی، ناکۆکی و قەیرانی ناو باندەکانی حکوومەت پەرەیسەندووە و میدیاکانی حکوومەت و کۆبوونەوەکانی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی بوونەتە شوێنی نمایشی ئەم قەیرانە. بۆ هەمووان ڕوون بووەتەوە کە ئەم ڕژیمە نەک بەشێوەی ڕابردوو بەڵکوو بەشێوەی ئێستاش ناتوانێ درێژە بە دەسەڵاتی بدات

ئێستا کە لە ئەوەڵی مانگی مەی، بەرابەر بە ١١ی مانگی گوڵان ڕۆژی هاوپشتی ئەنترناسیۆنالیستی کرێکارانی جیهان نزیک دەبینەوە، پێویستە چینی کرێکاری ئێران، ئەم پێگە هەستیارە و هێزی هاوپەیمان و پشتیوانی خۆی بناسێت و و ڕێگە نەدات سەرمایەدارانی ئێران و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە پێ دانان لەسەر شانی چینی کرێکار، خۆیان لەم قەیرانە سیاسییە دەرباز بکەن و بە قیمەتی ماڵوێرانی و بەفیڕۆدانی ژیانی ملیۆنان بنەماڵەی کرێکاری، وە بە گرتنی گیانی بەندکراوان، درێژە بە دەسەڵاتی چەوسێنەرانە و ژیانی مفتەخۆرانەیان بدەن

بارودۆخی ئێستا، و دەستدرێژییەکی وەحشیانە کە چینی سەرمایەدار و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دژبە ژیان و گوزەرانی کرێکاران ڕێکیخستووە، چینی کرێکار بۆ یەکگرتوویی و هاوپشتی، بۆ نمایشی شکۆداری دەسەڵاتی چینایەتی بەرامبەر بە سەرمایەداران و دەوڵەتەکەیان لە ڕۆژی ئەوەڵی مانگی مەیدا بانگەشە دەکات. لە سەروبەندی ئەوەڵی مانگی مەیدا پێویستە ئامادەکردنی پێداویستییەکانی دەست بردن بۆ تاکتیکی مانگرتنی گشتی و سەرتاسەری و ڕاگرتنی چەرخی بەرهەمهێنان بەشێوەی جیددی لەناو کۆڕ و کۆبوونەوە کرێکارییەکاندا گەڵاڵە بکرێت و بدرێتە بەر باس و لێکدانەوە. ئەوە ڕاستە کە ڕێکخستنی مانگرتن و ناڕەزایەتی سەرتاسەری پێویستی بە ڕێبەری سەرتاسەری هەیە. بەڵام هەموو




دەزانین کە لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا و لە جەرگەی مانگرتنی شکۆداری کرێکارانی حەوت تەپە و مانگرتنی سەرتاسەری کرێکارانی سەنعەتی نەوت و پێترۆشیمی، لە جەرەیانی خەباتی کرێکارانی ڕێگەی ئاسن، مەعدەنەکان، پەرستاران، شارەدارییەکان و باقی بەشەکانی بزووتنەوەی کرێکاری، و لە جەرگەی ڕێکخستنی مانگرتنی سەرتاسەری مامۆستایان و خانەنشینان، ڕێبەرانی بەتوانا و بەئەزموون لە کوورەی داغی ئەم خەباتەدا پەروەردە بوون و هاتنە مەیدان. ئەم ڕێبەرانە کە لەگەڵ ناوەندە داغەکانی خەبات پەیوەندی زیندوو و ئۆرگانیکیان هەیە دەتوانن بە هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ یەک ناڕەزایەتی و مانگرتنی سەرتاسەری ڕێک بخەن. تەنیا ئەوەندە بەسە کە ئەم ڕێبەرانە دەست بخەنە ناو دەستی یەک و پەیوەندی و هاوکارییەکانیان جێ بخەن. مانگرتنی سەرتاسەری و ڕاگرتنی چەرخی بەرهەمهێنان کاریگەرترین و براوەترین تاکتیکی خەباتکارانەی چینی کرێکار لە ئێستادایە. چینی کرێکار لە بارودۆخی ئێستادا بەبەکارهێنانی چەکی مانگرتنی سەرتاسەری دەتوانێ خواستە خێراکانی خۆی بەسەر دەوڵەت و سەرمایەداراندا بسەپێنێت و پێشڕەوی بزووتنەوەی جەماوەری و ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران زەمانەت بکات

بەڕێوەبردنی شکۆداری ئەوەڵی مانگی مەی لە بارودۆخێکدا کە کۆمەڵگا پێی ناوەتە قۆناغێکی شۆڕشگێڕانەوە، دەتوانێ کاریگەری دایمی لەسەر کەشوهەوای سیاسی کۆمەڵگا دابنێت. هەربۆیە پێویستە نەتەنیا هەڵسووڕاوانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی کرێکاری بەڵکوو چالاکانی سۆسیالیست و پێشڕەوانی بزووتنەوەی ژنان و بزووتنەوەی خوێندکاریش بۆ هەرچی شکۆدارتر کردنی ئەوەڵی مانگی مەی، قۆڵی هیمەت هەڵماڵن

چینی کرێکار لەم ڕۆژەدا نەتەنیا دەبێت ئاڵای داخوازییە خێراکانی بەرز بکاتەوە بەڵکوو پێویستە ئیدیعانامەی خۆی دژبە نیزامی سەرمایەداری ڕاگەیەنێت و زەرفییەت و توانای خۆی بۆ ڕێبەری خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران نیشان بدات. چینی کرێکار لەم ڕۆژەدا بە بەرزکردنەوەی درووشمی ئازادی و بەرابەری، ڕزگاری ژن لە ستەم و هەڵاواردنی ڕەگەزی و ڕەهایی نەتەوە و ئایینەکان لە چنگ زوڵم و ستەم، هەنگاوێکی گەورە بەرەو پەیوەند و هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوە ڕادیکاڵە کۆمەڵایەتییەکان هەڵدەگرێت. هەربۆیە ڕۆژی یەکی مەی، ڕۆژی ناڕەزایەتی دژبە زیندانی کردنی ڕێبەران و هەڵسووڕاوانی کرێکاری و ڕۆژی خەبات بۆ ئازادی دەستبەجێی گشت بەندکراوانی سیاسییە. ڕۆژی مەحکووم کردنی سزای ئێعدامە. ڕۆژی تێکۆشان لەپێناو بردنەسەرەوەی حەقدەستەکان بۆ دابینکردنی ژیانێکی ئینسانییە. ئەم ڕۆژە ڕۆژی خەبات بۆ ئازادی پێکهێنانی ڕێکخراو و مانگرتن، ڕۆژی هەوڵ و چالاکی دژبە بێکاری و بێکارکردن، ڕۆژی خەبات بۆ بیمەی بێکاری موکەفی بۆ بێکاران و گشت کەسانی ئامادە بەکارە! ئەم ڕۆژە ڕۆژی مەحکووم کردنی کاری منداڵان و داکۆکیکردن لەمافی منداڵانە! ڕۆژی مەحکووم کردنی کوشتاری کۆڵبەران لە کوردستان و سووختبەران لە سیستان و بەلووچستانە. ڕۆژی دەرکردنی ئەو بڕیارنامانەیە کە گشت داخوازییەکی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕێفاهیی کرێکاران، زەحمەتکێشان، ژنان، لاوان و منداڵان لەخۆدەگرن!

ڕێوڕەسمەکانی ئەوەڵی مانگی مەی پێویستە بەشێوەی سەربەخۆ، واتە سەربەخۆ لە شانۆ فەرمایشییەکانی خانەی کاریگەر و باقی ئۆرگانە دژەکرێکارییەکانی ڕژیم بەڕێوەبچن. بێگومان هەڵسووڕاوان و ڕێکخەرانی مەحەلی باش دەزانن کە چۆن ڕیزە سەربەخۆکانیان بپارێزن. بەڵام گونجاوترین و کاریگەرترین ڕێوڕەسمەکان، ئەو ڕێوڕەسمە جێگیر و ڕێکخراوانەن کە بەشێوەی بەرین لە ناوەندی شارەکاندا بەڕێوە دەچن. بەڵام لەڕاستیدا ئەم ڕێوڕەسمانە بەم تایبەتمەندییانەوە بەڕێوە ناچن، مەگەر بە بەشداری بەرین و پرگوڕوتینی بەشە جۆراوجۆرەکانی چینی کرێکار و بنەماڵەکانیان، بە پێشەنگبوونی کۆمۆنیستەکان و کرێکارانی پێشڕەو و بە هاوڕێیەتی ئەو ئینسانە شەریفانەی کە دژی چەوسانەوەن و ئاواتی ئازادی و بەرابەری مرۆڤەکانیان لە دڵ دایە

❋❋❋

**بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری**

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

## بەبۆنەی ئەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی جیهانی کرێکار

کرێکارانی جیهان لە کاتێکدا پێشوازی لە ئەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی هاوپشتی چینایەتی و ئەنترناسیۆنالیستی خۆیان دەکەن کە نیزامی سەرمایەداری بێجگەلە پەرەپێدانی چەوساندنەوە و هەرزانکردنی هێزی کار و هەژاری و نەهامەتی ئابووری و شەڕ و ئاوارەیی و لەناوبردنی ژینگە، هیچ ئاسۆیەکی بۆ داهاتووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی نییە. دەوڵەتە سەرمایەدارییەکان زیاتر لە ڕابردوو بوونەتە ئامرازی هێرشی سەرمایە بۆ سەر کار و ژیانی کرێکاران، بۆ سەر ئازادییە سیاسییەکان، بۆسەر بەها ئینسانییەکان و دەستکەوتە کۆمەڵایەتییەکان. ئەمڕۆ لەژێر موناسباتی سەرمایەداری و لە جەرگەی هەوڵی بێوچانی سەرمایە بۆ بەدەستهێنانی سوود لە کەمترین کاتدا، ئەگەرچی گەشەی تەکنۆلۆژی، کامپیوتێریزەکردنی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی ژیری دەستکرد بەوپەڕی خۆی گەیشتووە، بەڵام بۆشایی نێوان هەژاری و سەروەت لە سەرتاسەری جیهان قووڵتر بووەتەوە، ژینگەی ئینسانەکان کەوتووەتە ژێر مەترسی نابوودییەوە و ملیۆنان ئینسان لە هەر پێنج قارەکەی جیهان لەگەڵ بێکاری و هەژاری و نائەمنی بەرەوڕوون. لە سایەی نیزامی سەرمایەداریدا جینوسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل بە پشتیوانی ئەمریکا و دەوڵەتە ئورووپاییەکان لە غەززە بە ئامانجی لەناوبردنی نەتەوەی فەلەستین درێژەی هەیە. شەڕی ناتۆ و ڕووسیە لە ئۆکراین هەموو ڕۆژێ قوربانی تازەی لێدەکەوێتەوە. لە سوودان کارەساتی ئینسانی لە حاڵی ڕووداندایە و مەترسی شەڕ، قاتی و ئاوارەیی و پەرەسەندنی ڕەوتە فاشیستەکان سێبەری بەسەر زۆر شوێنی جیهاندا کێشاوە

چینی کرێکاری ئێران لە بارودۆخێدا لە ئەوەڵی مانگی مەی، ئەم هێما چینایەتییەی کرێکارانی جیهان، پێشوازی دەکات کە حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران بە داسەپاندنی حەقدەستی چەند قات ژێر هێڵی هەژاری، بە هێرش بۆسەر سفرەی بەتاڵی بنەماڵە کرێکارییەکان، بە پەرەپێدانی شیرکەتە پەیمانکارییەکان و بە ڕەواجدانی قەراردادی کاتی و سپی ئیمزا و بە نەبوونی ئەمنیەتی کار و بە بردنەسەری ژمارەی قوربانییانی ڕووداوەکانی شوێنی کار، بارودۆخێکی دژواری بەسەریاندا سەپاندووە. چینی سەرمایەدار و دیکتاتۆری ئایینیی دەسەڵاتدار، بە داسەپاندنی هەژاری و نەهامەتیی ئابووری، لەڕاستیدا ئاکامەکانی قوڵبوونەوەی قەیرانی سەرمایەداری و بنبەستی سیاسەتە نیولیبڕاڵییەکان، لەناوچوون و داخرانی یەک لە دوای یەکی ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و ئاکامەکانی پەرەسەندنی گەمارۆ نێونەتەوەییەکانی خستووەتە سەر شانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا

لەسەر بەستێنی ئەم بارودۆخە دژوارە ئابوورییە، ئەم هەژاری و گرانییە بێوێنەیە، شەپۆلی ئێعدامەکان، ڕەشبگیری چالاکانی کرێکاری، ژنانی پێشڕەو، خوێندکارانی تێکۆشەر، موعەلیمان، خانەنشینان، نووسەران و هونەرمەندان و ڕۆژنامەوانانی بەڵێندار، ژینگەپارێزان، دایکانی دادخواز و هیتر، بێ پسانەوە درێژەی بووە. زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی پڕن لەو تێکۆشەرانەی کە تاوانیان بەرگری لە ئازادی و ژیانێکی ئینسانییە. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئەگەرچی خەریکی خواردنەوەی جامی ژەهری تەسلیمبوون لە بەرامبەر ئەمریکادایە، بەڵام ڕوو بە کرێکاران و خەڵکی ئێران چەکی لە ڕووەوە بەستووە. حکوومەتی سەرمایەداران، بەپێی سرووشتە چینایەتییەکەی، بە خەیاڵی خۆی لە ڕێگەی سازان لەگەڵ دوژمنی دەرەکییەوە، دەتوانێ دوژمنی ناوخۆیی شکست




بدات. بەڵام ڕژیم، سەرەڕای پەرەپێدانی سەرکوت و پێکهێنانی ئاستەنگی گەورە بۆ هەڵسووڕاوانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، هیچ کات نەیتوانیوە کۆمەڵگا چاوترسێن بکات. بزووتنەوەی کرێکاری ئێران بە پشت بەستن بە کۆمیتەکانی کارخانە و کۆمیتەکانی مانگرتن و ڕێبەرانێک کە لە جەرگەی خەباتی خۆیدا پەروەردەی کردووە، بە زیاتر لە دوو هەزار مانگرتن و نارەزایەتی لەساڵدا، هەروا پڕ ئیعترازترین و پڕ جموجۆڵترین بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی ئێرانە و بەردەوام کاریگەری لەسەر گشت کەشوهەوای سیاسی ئێران داناوە. ئەم بزووتنەوە نارەزایەتییە، هێمای هوشیاری چینایەتی و ئیرادەی کرێکاران بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێرشی هەمەلایەنەی دەوڵەت و سەرمایەدارانە. ژنانی ئازادیخوازی ئێران بە خۆڕاگری کەم وێنەیان بەرامبەر بە حیجابی ئیجباری و باقی یاساکانی پڕ لە جیاکاری و دژەژنی کۆماری ئیسلامی و فەرهەنگی باوک – پیاوسالاری و بە بەشدارییان لەڕیزی خەباتی خانەنشینان، موعەلیمان، خوێندکاران و دایکانی دادخواز، بەرەو گرتنەوەی سەنگەرە تازەکان هەنگاو دەنێن. بزووتنەوەی خوێندکاری وەک توێژی هەستیاری کۆمەڵگا بە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەمنیەتی کردنی فەزای زانکۆکان و بە پێداگری لەسەر ئازادی ڕادەربڕین و بیروبۆچوون، هەروا ئاڵای خەباتی ئازادیخوازییان بەرز ڕاگرتووە. زیندانییانی سیاسی بە درێژەدانی هەڵمەتی نا بۆ ئێعدام، زیندانیشیان کردووەتە سەنگەری خەبات لەدژی سزای ئێعدام و سەنگەری بەرگری کردن لە ئازادی زیندانییانی سیاسی

لە کاتێکدا کە گروتینی خەباتکارانە سەرتاسەری کۆمەڵگای داگرتووە، چینی کرێکار لە ئەوەڵی مانگی مەیدا جیا لە ڕاگەیاندنی خەباتی خۆی لەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و گەڵاڵەکردنی داخوازییە خێراکانی، پێویستە بە تەئکید کردن لەسەر خواستی ئازادی و بەرابەری، ڕزگاری ژن لە بەندی ستەم و هەڵاواردنی ڕەگەزی و ڕزگاری نەتەوەکان لە بەندی ستەم لە بڕیارنامەکانی خۆیدا، هەنگاوێکی بەرز لەپێناوی پەیوەندی و هاوپشتی هەرچی زیاتر لەگەڵ بزووتنەوە ڕادیکاڵە کۆمەڵایەتییەکان هەڵگرێت. هەڵسووڕاوان و پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاری وەک بەشێک لە کاری تەداروکاتی خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی مەراسمی ڕۆژی جیهانی کرێکار، پێویستە سەرەنجی جەماوەرێکی هەرچی زیاتر لە کرێکاران بەرەو گرینگی پەرپێدانی ڕێکخستنی چینایەتی و تەحەزوبی کرێکاران ڕابکێشن. کرێکاران کە بەخاتری پێگەیان ناتوانن تەنیا تەماشاچی ئەو هەموو زوڵم و زۆر و نابەرابەرییە بن، پێویستە لە حیزبی شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیستی خۆیاندا موتەشەکل بن.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، لە هەموو کرێکاران و ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و بەرابەری تەڵەب، لە هەموو ئەو ئینسانانەی کە لە هەژاری و بێبەشی، لە زوڵم و زۆر و نایەکسانی و لە ستەم و سەرکوت وەگیان هاتوون، داوا دەکات کە ڕێوڕەسم و کۆبوونەوەکانی ڕۆژی جیهانی کرێکار بەرابەر لەگەڵ ١١ی مانگی گوڵان بە هەر شێوەیەک کە دەتوانن، بەتایبەت لە شەقام و مەیدانەکانی شار، پڕگڕوتین بەڕێوەبەرن. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وێڕای بەرزڕاگرتنی یادی گیان بەختکردووانی بزووتنەوەی ئەنترناسیۆنالیستی کرێکاران، ڕۆژی جیهانی کرێکار، هێمای یەکڕیزی و هاوپشتی چینایەتی، لە هەموو کرێکاران پیرۆزبایی دەکات و تێکۆشانی دڵسۆزانە و ماندوویی نەناسانەی هەڵسووڕاوان و پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاری لەپێناوی ڕێکخستن و یەکگرتوویی ڕیزەکانی کرێکاران بەرز دەنرخێنێت

**بژی ئەوەڵی مانگی مەی، ڕۆژی هاوپشتی جیهانی کرێکاران**

**بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی سەرمایەداران**

**بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری**

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

گوڵانی ١٤٠٤ی هەتاوی

ئاپریلی ٢٠٢٥ی زایینی

***

# ڕاگەیاندنی هاوبەشی
## شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان،
## کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
## و کۆمیتەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران – حێکمەتیست
## بەبۆنەی ئەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی جیهانیی کرێکار

ئەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی ڕەزمی چینایەتی کرێکاران لەدژی نیزامی سەرمایەداری و ڕۆژی ئیعترازی چینی کرێکار بە موناسباتی دژەئینسانی نێوان کار و سەرمایە لە سەرتاسەری جیهانە. هەموو ساڵێ لە ڕۆژی ئەوەڵی مانگی مەیدا، چینی کرێکار بە بێ لەبەرچاوگرتنی پێناسەی نەتەوەیی و ئایینی لە هەموو گۆشەیەکی جیهان هاوکات ئیعترازی خۆی لەدژی گشت نیزامی سەرمایەداری بە دەنگی ڕەسا دەردەبڕێت. ڕۆژی یەکی مەی ڕۆژی نیشان دانی ناڕەزایەتی ئێمە کرێکاران لە دژی ئەم ژیانە دژوارە و لەدژی بەربەریەتێکە کە سەرمایەداری بەسەر مرۆڤایەتی ئەم سەردەمەیدا سەپاندووە

ئەمساڵ لە بارودۆخێکدا لە یەکی مەی نزیک دەبینەوە کە لەگەڵ شکستی سیاسەتە ئیولیبرالییەکان و پەرەسەندنی کێبرکێ جەمسەرەکانی سەرمایەداری، لەگەڵ درێژە و قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری و گرژی نێوان دەسەڵاتە سەرمایەدارییەکان، حاکمان و خاوەنانی سەرمایە بە فشارێکی هەرچی زیاترەوە، چەوساندنەوەی هێزی کار درێژە دەدەن. کرێکارانیان ناچار بە تەحەمولی بارودۆخی دژوارتر و سەعات کاری زیاتر و حەقدەستی کەمتر کردووە. ئەمڕۆ لە سیستەمی سەرمایەداریدا گەشەی تەکنەلۆژی و پێشکەوتن لە بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرددا، لەبری ئەوەی بۆ خزمەتکردنی خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی کرێکاران بەکاربهێنرێت، بووەتە بیانوویەک بۆ بێکارکردن و ئامرازێک بۆ کەڵەکەکردنی زیاتری سەرمایە لەدەستی سەرمایەداراندا. لەلایەکی دیکەشەوە، دەسەڵاتدارانی سەرمایە لەپێناو کەڵەکەکردنی زیاتری سەرمایەدا، بە داگیرساندنی شەڕ و کوشتنی سەدان هەزار ئینسان و وێرانکردنی شار و گوندەکان و ئاوارەیی ملیۆنان ئینسانی دیکە، ژیانی مرۆڤایەتییان کردووەتە جەهەنەم. بەربەریەتی ڕاستەقینەی سیستەمی سەرمایەداری و ئاکامی هێرشی سەرمایە و توندبوونەوەی کێبرکێی نێوان جەمسەرە سەرمایەدارییەکان، بووەتە هۆی هەژاری و بێکاری و گرانی زیاتر

بزووتنەوەی کرێکاری ئێران یەکێک لە زیندووترین و پڕ جموجۆڵترین بزووتنەوە کرێکارییەکانی جیهان بووە. ئەم بزووتنەوەیە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، بە ڕێکۆردی ڕوو لە گەشەی پتر لە هەزار و ٥٠٠ مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاری، خەباتی خۆی لە دژی ڕژێمی ئیسلامی سەرمایە درێژە داوە. کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستا لەڕێگەی زاڵکردنی کەشی ئەمنیەتی و نیزامی بەسەر کارخانەکان و ناوەندەکانی کار، بە وەحشیانەترین شێوە هێزی کاری چەوساندووەتەوە. ئەم ڕژێمە دژە کرێکارە، کرێکاران ناچار دەکات بە کەمترین حەقدەست و بە کەمترین ئیمکاناتی ئیمەنییەوە کار بکەن. تا جێیەک کە ناوەندەکانی کار بەتایبەت کانەکانی ئێران بوونەتە قەتڵگای کرێکاران. لە کاتێکدا کە سەبەدی بژێوی بنەماڵەیەکی کرێکاری گەیشتووەتە ٥٠ ملیۆن، بەهای تمەن لە بەرامبەر دۆلاردا بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە و توانای کڕینی کرێکاران ڕۆژانە کەم دەبێتەوە، لە هەلومەرجێکی وادا "شۆرای باڵای کار"ی ڕژێم لانیکەمی حەقدەستی ئەمساڵی، سێ هێندە خوارتر لە هێڵی هەژاری دیاری کردووە

ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بەدرێژایی ٤٦ ساڵ تەمەنی دەسەڵاتە نگریسەکەی، لە ڕێگەی سەرکوت و سیاسەتی دژە کرێکارییەوە هەوڵی پێشگرتن لە ڕێوڕەسم و کۆبوونەوەکانی یەکی مەی داوە و هەرچەشنە کردەوەیەکی چالاکانی کرێکاری لەم بوارەدا بە شێوەیەکی دڕندانە سەرکوت دەکات. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە، شایەدی پەرسەندنی ناڕەزایەتی کرێکاران و




مامۆستایان و پەرستاران و خانەنشینان بووین، کە زۆرجار مانگرتن و ناڕەزایەتیەکانیان بەشێوەی هاوئاهەنگ لە شارە جۆراوجۆرەکاندا بەڕێوە بردووە. بەڵام ئێستا هاوسەنگی هێز گۆڕاوە و پێویستە ئەمساڵ لە ئەوەڵی مانگی مەیدا بۆ جارێکی تر داخوازییەکانی خۆمان و گشت کۆمەڵگا لەدژی نەهامەتییەکانی نیزامی سەرمایەداری ڕاگەیەنین و بەهەر شێوەیەک کە بۆمان دەگونجێت لە شار و گەڕەکە جۆراوجۆرەکان، بە بەڕێوەبردنی مەراسمەکانی یەکی مەی، ڕێز لە ڕۆژی جیهانی کرێکار بگرین

لە کوردستانی شۆڕشگێڕ لە ئێران، لە سەرەتای ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٥٧ەوە بەرزڕاگرتنی ڕۆژی جیهانی کرێکار بووەتە سوننەتێکی جێکەوتوو و کۆمەڵایەتی. لەماوەی ساڵانی دەسەڵاتداری ڕژێمی دژەکرێکاری ئیسلامیدا، هەڵسووڕاوانی چەپ و سۆسیالیست، ناوەند و ڕێکخراوە کرێکارییەکان بە فیداکاری و گیانفیدایی، بە خۆڕاگری لە بەرامبەر هێزە سەرکوتگەرەکان و بەکرێگیراوانی مەحەلی، بە داهێنان و دەستپێشخەری خۆیان، هەوڵیانداوە ڕێوڕەسمەکانی یەکی مەی لە ناو شارەکان، لە پاساژەکان، لە مەیدان و پەراوێزی شارەکان، لەسەر کێوەکان و لە گوڵگەشتەکان و لە هەر شوێنێک کە بۆیان دەگونجێت، سەرەڕای سەرکوتگەری و فشاری دامودەزگا ئەمنیەتیەکانی حکوومەتی ئیسلامی، بەڕێوەبەرن

لەئێستادا کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لەوپەڕی لاوازی و شکستدایە، تا جێیەک کە بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەی تەسلیمی مەرجەکانی ترامپ بووە و سەرەڕای تەبلیغاتی بێ بنەما و چەندین ساڵەی خامنەیی مەجبوور بووە بچێتە سەر مێزی دانوستان لەگەڵ ئەمریکا، لە وەها بارودۆخێکدا پێویستە ئەوەڵی مانگی مەی ئەمساڵ ببێتە دەرفەتێک بۆ پەرەپێدانی مانگرتن و ناڕەزایەتی لەدژی کۆماری ئیسلامی و هەموو نیزامی کاپیتالیستی. لەئێستادا کە بە بەرینایی کۆمەڵگا، شایەدی پەرەسەندنی ناڕەزایەتی ڕۆژانە لەدژی نیزامی کۆماری ئیسلامی و شایەدی گۆڕانی هاوسەنگی هێز بە قازانجی خەڵکی نارازین، پێویستە بەبۆنەی ئەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی هاوپشتی نێونەتەوەیی چینی کرێکار، بۆ بەڕێوەبردنی مەراسمی عەلەنی و جەماوەری لە هەر ئاستێکدا کە بۆمان دەگونجێ هەوڵ بدەین و بە گەڵاڵەکردنی داخوازییە ڕەواکان، دەنگی ناڕەزایەتیمان لەدژی هەموو جۆرەکانی چەوسانەوە و هەڵاواردن و نابەرابەری بە گوێ هەموو جیهان بگەیەنین. پیرۆزبایی ئەوەڵی مانگی مەی لە هەموو کرێکارانی جیهان، بەتایبەت کرێکارانی ئێران و کوردستان دەکەین و بە بەشداری لە ڕێوڕەسمەکانی ئەوەڵی مانگی مەی لە هەموو شوێنێک ڕۆژی جیهانی کرێکار بەرز ڕادەگرین.

**بژی ئەوەڵی مانگی مەی، ڕۆژی جیهانی کرێکار**

**بژی سۆسیالیزم!**

**بەرقەرار بێ دەسەڵاتی شۆرایی!**

**بڕووخێ ڕژێمی سەرمایەداری کۆماری ئیسلامی!**

**شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان**

**کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**کۆمیتەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران – حێکمەتیست**

گوڵانی ١٤٠٤ی هەتاوی

***

# ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

## بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی کرێکار

## ڕۆژی کرێکار و پێداویستییەکانی بەشداری چینی کرێکار وەک یەکێک لە خوازیارانی دەسەڵات لە گۆڕەپانی سیاسی ئێراندا

ڕۆژی جیهانی کرێکاری ئەمساڵ لە بارودۆخێکی ئاڵۆزدا بەرەو پیری دەچین. ڕەنج و نەهانەتییەکانی نەزمی کاپیتالیستی لە هەموو کاتێک زیاتر گوشاری خستووەتە سەر چینی کرێکار لە جیهان و لە ئێراندا. لە لایەکەوە سەرمایەداری بە سەپاندنی هەژاری بەربڵاو و لە زۆر وڵاتدا هەژاری موتڵەق، ژیانی زۆرینەی ڕەهای سەدان ملیۆن کەس لە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی بەرەو تەباهی و نابوودی بردووە. لەلایەکی دیکەوە بە دابین کردنی دۆخی بەدەستهێنانی قازانجی نجوومی بۆ کەمینەیەکی سەرمایەداری خاوەن دامەزراوە گەورەکان، درێژەی چەوساندنەوەی دڕندانەی ئەم نیزامە پێچەوانە و دژەئینسانییەی مسۆگەر کردووە. سیاسەتی تەعرەفەکانی ترامپ بۆشایی نێوان دەوڵەتەکان و بلۆکەکانی سەرمایەداری جیهانی پەرەپێداوە و دەوڵەتەکانیش جۆرێک لە ناسیۆنالیسمیان لەدژی ئەمریکا پەرەپێداوە، کە گۆیا خاوەنانی سەرمایە و ناوەندە سەنعەتییەکان لە بەرامبەر تەعرەفەکاندا لەگەڵ کرێکارانی وڵاتی خۆیاندا هاوبەرژەوەندن. بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ تەعرەفەکانی ترامپ بووەتە هۆکارێک بۆ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیسمێکی دژە ئەمریکایی تەنانەت لە وڵاتانی هاوپەیمانی ئەمریکا لەوانە ئورووپا و کانەدا و بووەتە هۆی بەهێزبوونی ڕەوتێکی ڕاستی توندڕەو لە جیهاندا کە چەندین ساڵ بەر لەوەی ترامپ بچێتە کۆشکی سپی سەری .هەڵدابوو

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ئیسرائیل بەردەوامە لە کۆمەڵکوژی خەڵکی غەززە. ڕژیمی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەسەڵاتی پێشووی خۆی لە دەست داوە. هەرچەندە ڕژیمی ئیسلامی لە بەرامبەر هێرشی سەربازی دووەمی ئیسرائیلدا لە ڕووی لاوازی خۆیەوە دەستبەرداری وەعدەی سادقی ٣ بوو، بەڵام ئیسرائیل هەروا بەردەوامە لە هەڕەشەکردن لە ڕژیمی ئیسلامی بۆ هێرشی سەربازی و فاشیستە سەڵتەنەتخوازەکانیش .بەردەوام بانگەشەی بۆ دەکەن و خوازیاری شەڕن

لە ئێران، ڕژیمی ئیسلامی لەژێر فشاری زەلیلکەری ئەمریکا و ئورووپا و ئیسرائیلدایە و دەسەڵاتەکەشی لە لایەن خەڵکی ئێرانەوە لەژێر هەڕەشەدایە. ڕژیمی ئیسلامی سازان و تەسلمبوون لە دەرەوەی پێ باشترە لە پاشەکشە کردن لە بەرامبەر خەڵکدا. دانوستانی ڕژیمی ئیسلامی و ئەمریکاش لە ژێر سێبەری تەسلیم یان شەڕدا درێژەی هەیە. تەسلیبوونی ڕژیمی ئیسلامی ئەگەرچی مەترسی شەڕ کەم دەکاتەوە بەڵام نابێتە هۆی باشتربوونی بارودۆخی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکی ئێران. کێشە و گرفتی کرێکاران، خوێندکاران، ژنان، مامۆستایان و خانەنشینان، هەر هەمووی ڕیشەی لە دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامیدایە. ئیستبداد و دیکتاتۆری، گەندەڵی سیستماتیک، تاڵان کردنی سندووقەکانی خانەنشینی، بێمافی ژنان، منداڵانی توێژە هەژارەکان تەنانەت لە خوێندنی سەرەتایی بێبەری بوون، بێبەش بوونی خەڵکی ئاسایی لە دەوا و دەرمان، لانیکەمی حەقدەستی چەند هێندە ژێر هێڵی هەژاری، زاڵبوونی شیرکەتە زەرووسفەتە پەیمانکارییەکان لە بواری دامەزراندنی کرێکاران، نەبوونی مافی ڕێکخستن و مانگرتن، لەسەر کار دەرکردن، دەستگیری و ئەشکەنجەی چالاکانی کرێکاری بە „تاوان“ی نارەزایەتی لەدژی بارودۆخی نالەباری دەیان ملیۆن کرێکار و بنەماڵەکانیان، کوشتاری کرێکاران لە شوێنەکانی کار بەتایبەت لە کانەکان و سەدان نموونەی دیکە هەر هەموویان ڕەگ و ڕیشەیان نیزامی سەرمایەداری ئێرانە کە لەدوای ڕژیمی دیکتاتۆری شا زیاتر لە چوار دەیەیە دینی ئیسلام و وەلایەتی فەقیە پارێزگاری لێ .دەکات

بزووتنەوەی کرێکاری ئێران بەتایبەت چالاکانی باڵی چەپ و سۆسیالیستەکەی، هاوڕێ لەگەڵ بزووتنەوە هاوپەیمانەکانیان




ناچارن ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر داخوازییە تایبەتەکانیان لەگەڵ خەبات لەدژی گشت ڕژیمی ئیسلامی ئاوێتە بکەن. وە لەئاستی سەرتاسەری ئێراندا خوازیاری نیزامێک بن کە توانا و ئیمکانی وەدیهێنانی داخوازییەکانی بزووتنەوەی کرێکاری، ژنان، خوێندکاران، مامۆستایان و خانەنشینان و خەڵکی ژێر .ستەمی نەتەوەیی هەبێت

دانوستانی ڕژیمی ئیسلامی و ئەمریکا لەژێر سێبەری تەسلیمبوون و شەڕدا، کە سەرەنجی هەموو خەڵکی ئێرانی بەرەو خۆی ڕاکێشاوە، بۆ جارێکی تر بە چالاکانی باڵی چەپی بزووتنەوەی کرێکاری و بە سۆسیالیستەکانی ئێران نیشان دەدات کە دەبێ دەست لەناو دەستی یەک پێداویستییەکانی بەشداری بزووتنەوەی کرێکاری ئێران، وەک یەکێک لە خوازیارانی دەسەڵات، لە گۆڕەپانی سیاسی ئێراندا ئامادە بکەن. لەگەڵ تەسلیمبوونی ڕژیمی ئیسلامی، زیاتر لە ڕابردوو ڕوون دەبێتەوە کە داخوازی بەشە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی ئێران بە .ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە دوای گۆڕینی ڕژیمی ئیسلامی دێتە دی

لە یەکی مانگی مەیدا چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت کە بزووتنەوەی کرێکاری و ڕێبەران و هەڵسووڕاوانی مەیدانی، وەک هێزێک کە خەبات بە ئامانجی بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی شۆڕش ڕێبەری دەکات، وەک پێشەنگانی خەباتی ئێستای کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بێنە مەیدان. ئاڵای ئازادی و ڕزگاری کۆمەڵگا بەدەستەوە بگرن. خەباتی سەرتاسەری لەدژی نەزمی ئێستای سەرمایەداری نوێنەرایەتی بکەن. ڕیزەکانی چینی کرێکار و بەرەی کار لەدژی ئەو قەرەپووڵەی نێویان ناوە „لانیکەمی حەقدەست“، وە بۆ وەدیهێنانی „حەقدەستی گونجاو و شیاوی ژیانێکی ئینسانی“ یەک بگرن. لە کۆبوونەوە و وتار و بڕیارنامەی کرێکاریدا، لەسەر درێژەدان بە نارەزایەتییە ڕەواکان دژبە چەوساندنەوەی ئابووری و سیاسی، لەدژی گرتن و سەرکوتکردن، لەدژی دەستبەسەرکردن و زیندانیکردنی چالاکانی کرێکاری و جەماوەری، لەسەر ئازادکردنی دەستبەجێی سەرجەم زیندانیانی سیاسی و لەدژی لەسێدارەدان پێداگری بکەن. پێویستە هەوڵ بدەین ڕۆژی کرێکاری ئەمساڵ سەرەتایەک بێت بۆ ئەوەی بزووتنەوەی کرێکاری و چالاکانی ئەم بزووتنەوەیە بچنە ناو مەیدانی گشتگیری سیاسەتی .ئێرانەوە

بژی ئەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی جیهانیی کرێکار
بڕووخێ ڕژیمی ئیسلامی سەرمایەداری
بژی ئازادی، بژی سۆسیالیسم

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان
یەکی گوڵانی ١٤٠٤ – ٢١ی ئاپریلی ٢٠٢٥

واژۆکان: ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری
حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری – حێکمەتیست
سازمانی ڕاهی کاریگەر
(سازمانی فەدائیان (ئەقەلیەت
هەستەی ئەقەلییەت

❋❋❋

**بو بینینی ڕاستەوخۆی**

**تەلەڤیزیۆنی ئاڵتێرناتیڤی شورایی**

**-کەناڵی هاوبەشی هێزە چەپ و**

**کۆمۆنیستەکان سەردانی ئەم سایتە**

**بکەن:**

alternative-shorai.tv

# ڕاپۆرتی سیاسی پلێنۆمی سێهەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

پلێنۆمی سێهەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٤ کە لە ڕۆژی شەممە ١٦ی خاکەلێوەی ١٤٠٤ بەرابەر لەگەڵ ٥ی مانگی ئاپریلی ٢٠٢٥ بەڕێوەچوو، لە بەشێک لە باسە سیاسییەکانیدا بارودۆخی جیهانی سەرمایەداری و مەترسی و دەرفەتەکانی دایە بەر باس و لێکۆڵینەوە. پلێنۆم تەئکیدی کرد ئێمە لە بارودۆخێکداین کە کێبڕکێی زلهێزەکانی سەرمایەداری لەپێناو سەقامگیرکردنی پێگەی خۆیان لە جیهان، قەیرانی ژئوپۆلیتیک، شەڕ و جینۆساید، نائەمنی و ئاوارەیی بەرینی بەسەر مرۆڤایەتیدا سەپاندووە. ئەگەر ٣٥ ساڵ لەمەوبەر، کۆتایی شەڕی سارد و دەستپێکی لێکهەڵوەشانی بلۆکی ڕۆژهەڵات، جیهانی دوو جەمسەری تێکدا و بە گشتی جیهانی بردە قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسی، ئەمنیەتی، ئابووری، ڕقابەت و جەمسەربەندی نوێ، بەڵام لەئێستادا ئەم جەمسەربەندییانەش خەریکن دەگۆڕێن و بەهای ئەم „دابەشکارییە تازەیە „ و بەهای بەربەریەتی سەمایە هەروەک هەموو قەیران و شەڕەکانی مێژووی سەرمایەداری، ئەم جارەش بەسەر خەڵکی بێبەشکراو و هەژاری جیهاندا دەسەپێت.

ئەگەر لە قۆناغێکدا ئەمریکا هەوڵی دا لاوازبوون و دامرکانی دەسەڵاتە ئابوورییەکەی لە بەرامبەر ڕەقیبە تازەکانیدا بە هێزی نیزامی و بە پەرەپێدانی میلیتاریزم بەسەر جیهانی دوای شەڕی ساردا قەرەبوو بکاتەوە، بەڵام ئەم ڕێگایەش، سەرەڕای بەهای ماددی و گیانی یەکجار زۆر نەیتوانی ئامانجەکەی وەدی بێنێت و لەئێستادا زیاتر لە هەموو کاتێک مەترسی زاڵبوونی ئابووری چین لە بەرامبەر خۆیدا دەبینێت. بەڵام ئێستا لە قامەتی سەرهەڵدانی دیاردەیەک بەناوی „ترامپیسم"دا شایەدی گۆڕانکارییەکی بەرچاوین لە سیاسەتەکانی ئەمریکادا بۆ پاراستنی هەژمۆنی خۆی لە بواری ئابووری و سیاسەتی جیهانیدا. ئەم گۆڕانکارییە کە لە ماوەیەکی زۆردا ڕوویداوە، لە ناتەبایە سروشتییەکانی سەرمایەداری و لە قەیرانە بەربڵاوەکانییەوە سەرچاوە دەگرێت. وە لە ڕاستیدا بەرهەمی پرۆسەی شکستی سیاسەتە نیولیبراڵییەکان لە جیهان، سەرهەڵدانی بزووتنەوە نیوفاشیستەکان و ڕێکخستنەوەی هێزە ئیمپریالیستەکان بۆ بەدەستهێنانی پشکی زیاتر و پاراستنی دەسەڵاتیانە. ئەگەر سەردەمانێک نیولیبرالیزم لەڕێگەی بەتایبەتی کردن، سەپاندنی ڕیازەتی ئابووری بەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵک، بڕینی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان، پێکهێنانی سنوور بۆ حکوومەتەکان و هیتر، „ڕێگاچارەیەک" بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ قەیرانە بنەڕەتییەکانی سەرمایەداری بوو، بەڵام لەئێستادا هەم وەک مۆدێلێک بۆ گەشەکردنی سەرمایەداری لە بواری ناوخۆیی و هەم وەک مۆدێلێک بۆ بەجیهانی کردن، گەیشتووەتە بنبەست. ئەو بێسەرەوبەرەییەی ئەمڕۆ لە بەرامبەر ئیدیعای „نەزمی نوێدا" جیهانی داگرتووە و گەشەی ڕاستی توندئاژۆ و نیوفاشیسەت بۆ نموونە سەرهەڵدانی ترامپ لێکەوتووەتەوە، بەرهەمی ئەم ڕەوتەیە.

لەم ڕاستایەدا، ئەمریکا وەک گەورەترین هێزی ئابووری بۆ پشتیوانیکردنی پیشەسازی ناوخۆیی ڕووی کردووەتە شەڕی تەعرەفەکان لە دژی ڕکابەرە جیهانییەکانی. کێبڕکێی نێوان زلهێزە جیهانییەکانی وەک ئەمریکا، یەکێتیی ئەورووپا، چین، ڕووسیا و وڵاتانی دیکەی „بریکس" لە بواری ئابووری، تەکنەلۆژی و سەربازیدا، نیشانەی چڕبوونەوەی کێبڕکێیە لەسەر کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی وزە، تەکنەلۆژیای نوێ لەوانە ژیری دەستکرد و هیتر. پەرەپێدانی نفوزی سیاسی و ئابووری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکێکە لە مەیدانەکانی ئەم کێبڕکێیە کە ئەم ناوچەیەی کردووە جەهەنەم بۆ دانیشتووانی. چین بە پرۆژەکانی وەک „پشتێن و ڕێگا" لە حاڵی پەرەپێدانی نفووزی ئابووری خۆی لە ئەفریقا، ئاسیا، ئەمریکای لاتین و سەرانسەری جیهانە. وە لەم نێوەندەدا، ترامپ بۆ ئەوەی بتوانێت هەژموونی خۆی بپارێزێت، فشاری خستووەتە سەر یەکێتی ئەورووپا بۆ کەمکردنەوەی تێچووی دارایی خۆی، لەوانە تێچووی بەرینی ناتۆ و زیاتر لە ٧٠٠ بنکەی سەربازی لە ئەورووپا و لە سەرانسەری جیهان. وە هەوڵەدات بە دانوستان لەگەڵ پوتین هەزینەی یەکجار زۆری یارمەتییەکان بۆ ئۆکراین کەم بکاتەوە. بەڵام ئەگەر ئەم قەیرانانە و ئەم بارودۆخە شڵەژاوەی جیهانی سەرمایە بووەتە هۆی پەرەسەندنی ڕەوتە ڕاستە توندڕەوەکان و داسەپانی زیاتری بەربەرییەتی سەرمایە بەسەر مرۆڤایەتیدا، هاوکات هێزە چەپ و ڕادیکاڵەکان، خەباتی کرێکاری و ڕزگاری بەخشیش گەشەی کردووە و بزووتنەوە بەرینەکانی مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاران لەدژی سیاسەتی دژەکرێکاریی دەوڵەتەکان و خاوەنانی سەرمایە و پیشەسازی و کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان لە سەرتاسەری جیهان تا دێت زیاتر پەرە دەستێنێت.

لە بەشێکی دیکەی لێدوانە سیاسییەکاندا باس لە بارودۆخی گرینگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەت ناوەندە سەرەکییەکانی ئەم قەیرانە فەلەستین، تورکیە و سووریە کرا.

فەلەستین: دوو ساڵ جینۆساید و تاوانی شەڕ لەلایەن حکوومەتی داگیرکەری ئیسرائیل بەهاوکاری ئەمریکا دژبە خەڵکی فەلەستین لە کەرتی غەززە و کۆمەڵکوژی زیاتر لە پەنجا هەزار کەس لەم کەرتە و وێرانکردنی زۆربەی ژێرخانەکان و ماڵەکانی خەڵک، ئاوارەکردنی ملیۆنان کەس، دواجاریش „ئاگربەستی ناجێگیر" بەو مانایەی کە کوشتاری خەڵک لە دوای ئەویش درێژەی بووە، هەتا ئێستا نەیانتوانیوە قەیرانەکانی ئەم ناوچەیە چارەسەر بکەن. لەئێستادا خەڵکی فەلەستین لەگەڵ پیلانی کۆچ پێکردنی زۆرەملی دانیشتووانی کەرتی غەززە بۆ میسر و ئۆردۆن بەرەوروون، کە لە ڕاستیدا درێژەپێدەری هەمان سیاسەتی جینۆسایدە لەم ناوچەیەدا. بەڵام لە کاتێکدا کە حکوومەتەکانی ئەمریکا، ئاڵمان، بریتانیا و هتد بەردەوامن لە بەرگریکردن لە سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە و فراوانخوازییەکانی نەتانیاهۆ، بزووتنەوەیەکی جەماوەری بۆ هاوپشتی و بەرگریکردن لە ماف و ئازادی فەلەستین هەمیشە لە مەیداندا بووە. ئەم بزووتنەوەیە، هاوپشتی جیهانی بە قازانجی خەباتی مافخوازانە و ئازادیبەخشی کرێکاران و نەتەوەی سەملێکراوی فەلەستین و مەحکووم کردنی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی دەوڵەتی ئیسرائیلی لێکەوتووەتەوە. لەم پەیوەندییەدا پلێنۆم لەسەر گرینگی بەهێزکردنی بزووتنەوەی هاوپشتی جیهانی لەگەڵ نەتەوەی فەلەستین و پەیوەست بوونی کرێکاران و خەڵکی تێکۆشەر بەم بزووتنەوە جیهانی و ئازادیخوازانەیە تەئکیدی کرد.

پلنوم لە درێژەی باسە سیاسییەکاندا تیشکی خستە سەر دوایین ئاڵوگۆڕەکانی تورکیە. لە تورکیە بەتایبەت لە ساڵی ٢٠١٨وە قەیرانی ئابووری توندتر بووتەوە. بەرزبوونەوەی هەڵاوسان و دارمانی لیرە، دابەزینی وەبەرهێنانی دەرەکی، سیاسەتە جیاوازەکانی „ئاکپارتی" و ئەردۆغان، گرژی سیاسی ناوخۆیی و دەرەکی و هەروەها قەرزی دراوی بیانی کەرتی تایبەت، ئەم قەیرانەی پەرەپێداوە. وە سیاسەتە دراوییەکان، وەک بەرزکردنەوەی ڕێژەی سوود بەرێژەی لەسەدا ٥٠ بۆ کۆنترۆڵکردنی هەڵاوسان، گەشەی ئابووری خاوکردووەتەوە و بووەتە هۆی داخرانی زۆرێک لە کۆمپانیاکان، بەتایبەتی لە پیشەسازییەکانی جلوبەرگ و قوماشدا و بە گشتی تورکیە ڕووبەڕووی ئاستەنگی ئابووری جۆراوجۆر بووتەوە. لەسەر بەستێنی ئەم ئاستەنگی و قەیرانە ئابوورییەدا، کە بووەتە هۆی پەرەسەندنی گرانی و هەژاری و بێکاری لە کۆمەڵگای تورکیەدا. ئەردۆغان بۆ درێژەدان بە حوکمڕانی و مانەوەی خۆی تیشکی خستۆتە سەر دوو بابەت. یەکیان نەهێشتنی ڕکابەرە سەرەکییەکەی، ئەکرێم ئیمامئۆغلو، سەرۆکی شارەوانی ئەستەنبوڵە. ئەردۆغان دەیهەوێ بە پەراوێزخستنی سیستماتیکی پارتی کۆماریخوازی گەل بە سەرۆکایەتی ئیمامئۆغلو و چرکردنەوەی شەپۆلی سەرکوتکردن، ئاواتی ئیمپراتووریی ئیسلامی یەکپارچەی ئەردۆغانی وەدی بێنێت. وە دووهەم پێشخستنی پرۆژەی فریوکارانەی „ئاشتی" لەگەڵ „پەکەکە"یە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە „ئۆجەلان" ڕێبەری ئەم حیزبە و „سەلاحەدین دەمیرتاش" ڕێبەری „پارتی یەکسانی و دیموکراسی گەلان" و هەزاران ئەندامی ئەم دوو حیزبە هەروا زیندانی کراون.

سەبارەت بە پرۆژەی „ئاشتی“، لە چەند مانگ لەمەوبەرەوە لەگەڵ پێشنیاری „باغچەلی“ و نێوەندگیریی „دەم پارتی“، وە دواجار بانگەوازەکەی „ئۆجەلان“ بۆ دانانی چەک و هەڵوەشاندنەوەی „پەکەکە“ بەبێ ئەوەی هیچ ئیمتیازێک لە حکوومەتی تورکیە وەربگرێت، بەرەوڕوو بووینەوە. ئەم هەڵوێستە تەسلیمخوازانەیەی ئۆجەلان لەناکاو و بەڕێکەوت نەبوو. بەڵکوو لەلایەکەوە ئاکامی گۆڕانی سیاسەتەکانی پەکەکە بوو کە ساڵەهایە لەلایەن ئەوەوە تێئۆریزە دەکرێت. وە لەلایەکی دیکەوە ئاکامی گۆڕانی کۆمەڵگای کوردستان لەماوەی سێ دەیەی ڕابردووە کە لەسەر بەستێنی گەشەی سەرمایەداری لە کوردستانی تورکیە، بورژوازی کورد بنکەیەکی کۆمەڵایەتی متمانەپێکراوی بەدەست هێناوە و چینێکی مامناوەندی بەرین شکڵی گرتووە. پارتی یەکسانی و دیموکراسی گەلان (دەم پارتی) ئەم ئاراستە کۆمەڵایەتییە نوێنەرایەتی دەکات و بەشێک لە بزووتنەوەی جەماوەری لە کوردستانی تورکیە ساڵانێکە لە ژێر هەژموونی ئەم پارتەدایە. ئەم حیزبە لە کاتی هەڵبژاردنەکانی پارلەمان، هەڵبژاردنەکانی شارەوانییەکان، ڕێوڕەسمەکانی نەوروز ودیکە خەڵک لە ئاستی جەماوەریدا دێنێتە مەیدان. پێ بە پێی پەرەسەندنی نفووزی دەم پارتی، بۆشایی نێوان پەکەکە و ڕێبەرییەکەی لە قەندیل لەگەڵ ئەم بزووتنەوە جەماوەرییە لە شارەکانی کوردستانی تورکیە کە لەژێر هەژمۆنی ئەم حیزبە ناسیۆنالیست و ڕێفۆرمیستەدایە، قووڵتر بووەتەوە و سیاسەتی ئۆجەلان لەڕاستیدا پەیوەست بوونی پەکەکە بەم ستراتێژییە سیاسییەی دەم پارتییە. ئەوەیکە ئاکامی ئەم پڕۆسەیە چی دەبێت بە فاکتۆری جۆراوجۆر لەوانە بە ئاڵوگۆڕەکانی سووریە و چارەنووسی هەسەدە و ڕۆژاوا لە پەیوەند لەگەڵ حکوومەتی ئەحمەد شەرع و بە بارودۆخی ناوخۆیی تورکیەوە گرێ دراوە.

پێشهاتەکانی ئەم دواییەی کوردستانی تورکیە جارێکی دیکە دەریانخست کە هێزە ناسیۆنالیستەکان ڕێگاچارەیەکیان بۆ چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی نییە و بە ئەزموون نیشانیان داوە کە ئیدیعای ئەوان لەم بوارەدا تەنیا بۆ بەشداریکردنیان لە پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسیدایە. لە کوردستانی تورکیەش تەنیا بە هێنانە مەیدانی سۆسیالیستی چینی کرێکار و بە وڵامدانەوە بە داخوازییە دیموکراتیکەکان لەوانە لابردنی ستەمی نەتەوایەتی لە ڕوانگەی بەرژەندی کرێکارانەوە دەکرێت سیاسەتی فاشیستی ئاکپارتی و حیزبی بزووتنەوەی ناسیۆنالیست و هەروەها ستراتێژی ڕێفۆرمیستی دەم پارتی بخرێتە ژێر پرسیارەوە.

سێهەمین کۆبوونەوەی بەرینی کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە درێژەدا دوایین ڕووداوەکانی سووریەی تاوتوێ کرد. لەگەڵ ڕووخانی حکوومەتی بەشار ئەسەد، دەسەڵاتی دیکتاتۆری ٥٣ ساڵەی بنەماڵەی ئەسەد کۆتایی هات و تاقمی ئیسلامی „هەیئەتی تەحریری شام“ بەبێ موقاومەتی سوپای سووریە هاتە سەر دەسەڵات. لەگەڵ ڕووخانی بەشار ئەسەد، یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی „میحوەری موقاومەت“ ی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیش داڕما. بەڵام بەداخەوە ڕووخانی ئەم دیکتاتۆرە دەرئەنجامی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی نەبوو، بەڵکوو بە پێی پلان و بەرنامەیەکی پێشوەختە داڕێژراوی ئەمریکا و ڕژێمی فاشیستی تورکیە و بە هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتی ئیسرائیل بوو. ئەحمەد شەرع، سەرۆکی هەیئەتی تەحریری شام، لە کۆبوونەوەی سەرەتاییدا بۆ پێکهێنانی دەوڵەت ١٥ گرووپی بانگهێشت کرد. بەڵام هێزەکانی سووریەی دیموکرات (هەسەدە)ی بانگ نەکرد. تا سەرەنجام لە کۆنفڕانسی وڵاتانی ناوچەکەدا قەناعەتیان پێ هێنا کە بە بێ بەشداری کوردەکانی سووریە حکوومەتی سووریە سەقامگیر ناکرێت. لەم ڕووەوە ڕێککەوتنامەیەکی ٨ مادەیی لەگەڵ „مەزلووم عەبدی“ واژۆ کرد کە بێجگەلە یەک مادەی، هەموو ئەوانی دیکەی بە قازانجی حکوومەتی ناوەند بوو. کەمتر لە دوو ڕۆژ دوای ئەم ڕێککەوتنە، حکوومەتی ناوەند جاڕنامەی „دەستووری کاتی“ی دەرکرد، کە تێیدا هەمان بڕگەی ناڕوونی ڕێککەوتننامەی ٨ مادەییش پێشێل کرابوو. لەوەش واوەتر، ئەحمەد شەرع، سەرۆک کۆماری کاتی سووریە، ڕۆژی ٩ی مانگی خاکەلێوە لە دیمەشق، ئەندامانی „دەوڵەتی ئینتقالی“ نوێ لە وڵاتەکەی ناساند، بەڵام وەک چاوەڕوان دەکرا، سەرجەم پۆستە سەرەکییەکانی حکوومەت لەلایەن کەسانی نزیک بە ئەحمەد شەرع و تەحریری شامەوە قۆرخ کران.

هەڵوێستی ڕێبەری „هەسەدە“ و هیوا و خۆشباوەڕییەکانی بە دەسەڵاتە ئیمپریالیستەکان نیشانی دا کە بەداخەوە ڕێبەریی „ڕۆژاوا“ش بە کەمێک جیاوازییەوە بەهۆی پێگەی لەناو خەڵکدا، بەسەر هەمان ڕێگادا دەڕۆن کە ڕێبەری پەکەکە و ئۆجەلان لە کوردستانی تورکیە گرتوویانەتەبەر. ئەم ڕەوتە بۆ „ڕۆژاوا“ کە کارنامەیەکی درەوشاوەی لە خەبات دژبە داعش، جێخستنی سوننەتی پێشکەوتووی خۆبەڕێوەبەری، ڕۆڵی بەرچاوی ژنان و بەڕەسمی ناسینی مافی کەمینەکان هەیە، دەتوانێ ببێتە هۆی لاوازبوونی بەرژەوەندی جەماوەری ستەملێکراو لە کوردستانی سووریە.

بێگومان حکوومەتی ئیسلامی تەحریری شام ناتوانێ وڵامدەرەوەی داخوازی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێشی سووریە بێت و لەگەڵ خۆڕاگری و ئیعتڕازاتی کرێکاران و خەڵکی بێبەشی سووریە بەرەوڕوو دەبێتەوە. خەڵکی کوردستانی سووریە ناچار نین لە بەرامبەر حکوومەتی کۆنەپەرستی ئیسلامی دیمەشق و میلیتاریزیم و فشارەکانی دەوڵەتی تورکیەدا بە بەڵێنی پشتیوانی فاشیستەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل یان بە هاوپەیمانی ئەمریکا ئومێد ببەستن. خەڵکی کوردستان دەتوانن بە پشت بەستن بە دەستکەوتە بەنرخەکانی هەتا ئێستایان، بە پشت بەستن بە هێزی چەکداری جەماوەری، بە بەشداریی چالاکی خۆیان لە گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگا و بە بەرزکردنەوەی ئاڵای داخوازی ئازادیخوازانە و بەرابەری تەڵەبانە، ببنە بنکەی ئازادیخوازی لە سەرتاسەری سووریە و پشتیوانی و هاوپشتی بیروڕای گشتی پێشڕەو لە سەرتاسەری سووریە و ناوچەکە و جیهان بەرەو خۆیان ڕاکێشن.

❋❋❋

## ڕێگە نادەین خوێندنگاکان بکەنە سەربازگە

لەگەڵ زیاتربوونی نیگەرانی سەرانی کۆماری ئیسلامی لەئاست چارەنووسی حەتمی ڕووخانی دەسەڵاتەکەیان، ڕژیم زەبوونانە پڕۆژەیەکی ئەمنیەتی دیکەی ئەمجارە بۆ کۆنترۆڵکردن و سەرکوتی خوێندکاران و مامۆستایانی مەدرەسەکان گرتووەتە بەر. لەم پەیوەندەدا میدیاکانی حکوومەتی ئیسلامی ڕۆژی یەکشەممە ٣١ی مانگی خاکەلێوە، دەقی ڕێککەوتننامەیەکی هاوبەشیان بە ئیمزای سەرپاسداری بەدناو و جنایەتکار „ئەحمەد ڕەزا ڕادان“ فەرماندەی گشتی هێزە ئینتزامییەکانی کۆماری ئیسلامی و عەلیرەزا کازمی وەزیری پەروەردەی دەوڵەتی پزشکیان، بڵاو کردەوە. بەگوێرەی ئەم ڕێککەوتننامەیە، وەزیری پەروەردە ڕێگە بە هێزە چەکدارە سەرکوتگەرەکانی „فراجا“ دەدات تا بە ڕەسمی لە مەدرەسەکاندا حزووریان بێت بۆ ئەوەی بەقسەی خۆیان لە بواری فێرکاری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە مەدرەسەکان دەوریان بێت و لە سەپاندنی حیجاب بەسەر خوێندکاراندا چالاک بن.




ئەم وەزیرە بێ بایەخە، بە مەعلووماتی حەوزەیی و بە پێشینەی ئەمنیەتییەوە، کە بە شانازییەوە خۆی بە سەربازی سەرپاسدار ڕادان ناو دەبات، حیجاب و عیفافی بە یەکێک لە زیانە فەرهەنگییەکان ناو لێبرد و وتی: „پێویستە لە هەموو بوارەکاندا بۆ نموونە لە بواری حیجابدا کاری فەرهەنگی و ڕیشەیی و هوشیاریدەرانە ئەنجام بدرێت“. ناوبراو ئاماژەی بەوە کرد کە بە ئیمزای ئەم ڕێککەوتنامەیە لەگەڵ „فراجا“، زیاتر لە ڕابردوو دەتوانین لەسەر بواری فەرهەنگی مەدرەسەکان کار بکەین. لە ڕوانگەی ئەم کارگێڕەی حکوومەتی ئیسلامییەوە حزووری هێزە ئەمنیەتی و نیزامییەکان بە چەک و باتۆمەوە لە مەدرەسەکان، کارێکی فەرهەنگی و هوشیاریدەرانەیە. پاسدار ئەحمەد ڕەزا ڕادانیش کە وەزیری پەروەردە بە شانازییەوە خۆی بە سەربازی ئەو ناوبرد، یەکێک لە جنایەتکارترین فەرماندەکانی سپای پاسدارانە کە جنایاتی بێشوماری لە کوردستان، سیستان و بەلوچستان، سەرکوتی خوێندکاران، قەتڵ و کوشتاری کەهریزەک و بزووتنەوەی ژینا و پڕۆژەی بەدناوی „گەشتی ئیرشاد“ی لە کارنامەی دایە و تاوانبارێکی نێونەتەوەیی و داواکراوە.

خەڵک باش لە سرووشتی هێزی ئینتزامی گەیشتوون و دەزانن کە ئەم هێزانە بێجگەلە سەرکوت هیچ شارەزاییەکیان نییە. کەوابوو ئامانجی سەرەکی کۆماری ئیسلامی لەم پڕۆژەیە بەکارهێنانی ئەم هێزەیە بۆ پەرەپێدانی کەشی ئەمنیەتی، بۆ نفووز و جاسووسی لە مەدرەسەکان، بۆ سەرکوتکردنی خوێندکاران و موعەلیمانی تێکۆشەر

و نارازییان و بۆ کۆنترۆڵکردنی فەزای مەدرەسەکانە. ڕادانیش لە قسەکانیدا بەئاشکرا دانی بەوە دانا و وتی: دوژمن لە ئێمە باشتر لەوە گەیشتووە کە کاریگەرترین توێژی کۆمەڵگای ئێران خوێندکارە. دوژمن کاریگەری لەسەر خوێندکاران دادەنێت و لە ڕێگەی فەزای ئەلیکترۆنیەوە هەوڵی ڕفاندنی مێشکیان دەدات. ئەمە بابەتێکە کە نابێت بەئاسانی چاوپۆشیی لێ بکەین و نابێ لە خوێندکاران غافڵ بین و دیسان لە غەفڵەتدا، غافڵگیر بین“.

هەڵبەت ئەم پلانە دژەئینسانییە دەرئەنجامی وتارەکەی سێ هەفتە لەوەپێشی خامنەییە کە تێیدا ئەوپەڕی نیگەرانی خۆی لە سەرهەڵدانی ئاخێزی سەرتاسەری لاوان یان بە قەولی خۆی „سەرهەڵدانی فیتنە و ئاژاوەی ناوخۆیی“ لەدژی حکوومەتی ئیسلامی بەیان کرد. خامنەیی ئەم قسانەی بەر لە ئاشکرابوونی ڕەزایەتدانی بە گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەمریکا و بە ئامانجی پێکهێنانی فەزای ترس و هەڕەشە لەناوخۆ کرد و وتی: „ئەمریکا هەڕەشەی ئاژاوەنانەوە دەکات. من ئەگەری ئەوە بە کەم دەزانم، بەڵام بیر لەوە دەکەنەوە کە لە ناوەوەی ئێران فیتنە و ئاژاوە بنێنەوە. ئەگەر ئەوە بکەن، هەر ئەم میللەتە وڵامیان دەدەنەوە“. عەلی خامنەیی کە چەندین دەیەیە بە هەڵیت و پڵیت باس لە دوژمنایەتی و نەبوونی ئیمکانی گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکا دەکات، دوای خۆبەدەستەوەدان و خواردنەوەی جامی ژەهری تەسلیم لە بەرامبەر ئەمریکا، یەکجار نیگەرانی سەرهەڵدانی ئیعترازاتی سەرتاسەری کرێکاران و توێژە هەژارەکانی دیکەی کۆمەڵگایە و بە „فیتنە و ئاژاوەی ناوخۆیی“ ناوی دەبات و هەوڵی سەرکوتکردنی هەرجۆرە نارەزایەتییەک لە ناوەوە دەدات.

بەڵام کۆماری ئیسلامی بە تایبەت لە بارودۆخی ئێستادا لاوازتر و زەبوونتر لەوەیە کە بتوانێ وەها پڕۆژەگەلێک بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنێ. کۆماری ئیسلامی ٤٦ ساڵە بە هەموو ئیمکاناتی دارایی و ئەمنیەتی و سەرکوتی خۆیەوە لەهەوڵی ئەوەدا بووە تا فەرهەنگی کۆنەپەرستانە و خورافی حکوومەتی ئیسلامی بەسەر مەدرەسەکاندا زاڵ بکات و خوێندکاران بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. بەڵام هەموو پیلان و پڕۆژەکانی لەم بوارەدا بەهۆی خۆڕاگری ماموستایان و خوێندکارانی تێکۆشەر بەرەوڕووی شکست بووەتەوە. بێگومان ئەم پڕۆژە جنایەتکارانەیەی حکوومەتی ئیسلامیش هەر وەک پڕۆژەکانی „ئەمری بە مەعرووف و نەهی لە مونکەر“، „دامەزراندنی ئاخوند و تەڵەبە لە خوێندنگاکان“، هەر وەک پڕۆژەکانی „حیجاب و عیفاف“، „تەرحی نور“، „کلینیکی تەرکی بێ حیجابی“ و هیتر لەگەڵ دیواری سەختی خەباتی خوێندکاران و ماموستایان بەرەوڕوو دەبێتەوە و تووشی شکست دەبێت.

لەم پەیوەندییەدا شۆرای هاوئاهەنگی ڕێکخراوە پیشەییەکانی ماموستایان، لە بەیاننامەیەکدا هۆشداری بە وەزیری پەروەردەی ڕژیمدا کە ماموستایان ڕێگە نادەن خوێندنگاکان بکەنە پادگان و سەربازگە. محەممەد حەبیبی وتەبێژی ئەم شۆرایە ڕۆژی دووشەممە ئەوەڵی مانگی گوڵان ڕایگەیاند: „ وەزارەتی پەروەردە موڵکی شەخسی وەزیر یان مەیدانی نمایشی هێزی سەربازی نییە. هاتوچۆی هێزی ئینتزامی بۆ ناو چوارچێوەی خوێندنگاکان، کارێکی بەئاشکرا نایاسایی و سەرکوتگەرانە و پێشێلکردنی مافەکانی خوێندکاران و ماموستایانە. پەروەردە بە باتۆم و بە هەڕەشە بەڕێوە ناچێت. هەروەها وتیشی: هۆشدار بە وەزیری پەروەردە دەدەین کە ئەرکی بەرگریکردن لە کەرامەتی ماموستایان و ئەمنیەتی دەروونی خوێندکارانە، نەک گوێڕایەڵی و ملکەچبوون لە بەرامبەر ناوەندە نیزامییەکان. مەحموود لەنگروودی ماموستای بەندکراوی پێشوو و لە کەسایەتییە ناسراو و تێکۆشەرەکانی بزووتنەوەی ماموستایانیش لەمبارەوە هەڵوێستی گرت و ڕوو بە وەزیری پەروەردەی ڕژیم هۆشداری دا کە: „خوێندنگا جێگای باتۆم و هێزی نیزامی نییە. کاری فەرهەنگی بە سەرهەنگ مەسپێرن. هەرجۆرە ڕێککەوتنێک کە ڕێگە بدات هێزی ئینتزامی و ئەمنیەتی بچێتە ناو خوێندنگاکانەوە، ئەمنیەتی دەروونی خوێندکاران و ماموستایان زەوت دەکات و دووکەڵەکەی دەچێتە ناو چاوی خۆتانەوە“.

لە بارودۆخی وەرچەرخاوی ئێستادا، کە ڕژیمی ئیسلامی لەگەڵ پەرەسەندنی قەیرانی هەمەلایەنە بەرەوڕووە و بەتەواو مانا ترسی ڕووخانی لێ نیشتووە، لەلایەکەوە چاوی هیوای لە گفتوگۆی زەبوونانە لەگەڵ ئەمریکا بڕیوە بەئامانجی لابردنی گەمارۆکان و بە سەرشۆڕییەوە چووەتە سەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکا و لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵ دەدات بە بەکارهێنانی هێزە بەکرێگیراوە ئەمنیەتی و سەرکوتگەرەکانی، وە بە هاوکاری ناوەندەکانی دیکە، جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، ژنان، لاوان، خوێندکاران لە بەرامبەر سەپاندنی هەژاری و بێکاری و گرانی لەتاقەت بەدەر، ناچار بە بێدەنگبوون بکات. بێگومان خوێندکارانی تێکۆشەر لەگەڵ ماموستایانی خۆیان، ئەمجارەش پڕۆژەی سەرکوتگەرانەی هێزە بەکرێگیراوەکانی فراجا تووشی شکست دەکەن و ڕێگە نادەن ئەم دەسەڵاتە کۆنەپارێز و دژەزانستە، وەها پیلانێک لە مەدرەسەکاندا بەڕێوەبەرێت.

❊❊❊

## بەبۆنەی ئەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی جیهانی کرێکار

## پێویستی بردنەسەری ئاستی ڕێکخستنی جەماوەری و چینایەتی کرێکاران

لە سەروبەندی ١١ی گوڵان ڕۆژی جیهانی چینی کرێکار و لە جەرگەی بارودۆخی دژواری ئابووری و هەژاری و گرانییەکی بێوێنە کە حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران بەسەر کرێکاران و زۆربەی خەڵکی ئێرانیدا سەپاندووە، شەپۆلی ئێعدامەکان، ڕەشبگیریی چالاکانی کرێکاری، ژنانی نارازی، خوێندکارانی تێکۆشەر، ماموستایان، خانەنشینان، نووسەران و ڕۆژنامەوانانی بەڵێندار، ژینگەپارێزان، دایکانی دادخواز و هیتر، بێ پسانەوە درێژەی هەیە. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئەگەرچی خەریکی خواردنەوەی جامی ژەهری تەسلیمبوون لە بەرامبەر ئەمریکادایە، بەڵام ڕوو بە کرێکاران و خەڵکی ئێران چەکی لە ڕووەوە بەستووە. حکوومەتی ئیسلامی، بە خەیاڵی خۆی لە ڕێگەی سازان لەگەڵ دوژمنی دەرەکییەوە، دەتوانێ دوژمنی ناوخۆیی شکست بدات. بەڵام ڕژیم، سەرەڕای پەرەپێدانی سەرکوت و پێکهێنانی ئاستەنگی گەورە بۆ هەڵسووڕاوانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، نەیتوانیوە کۆمەڵگا چاوترسێن بکات. بزووتنەوەی کرێکاری ئێران بە پشت بەستن بە کۆمیتەکانی کارخانە و کۆمیتەکانی مانگرتن و ڕێبەرانێک کە لە جەرگەی خەباتی خۆیدا پەروەردەی کردووە، بە زیاتر لە دوو هەزار مانگرتن و نارەزایەتی لەساڵدا، هەروا پڕ ئیعترازترین و پڕ جموجۆڵترین بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی ئێرانە و بەردەوام کاریگەری لەسەر گشت کەشوهەوای سیاسیی ئێران داناوە.
ئەم ڕەوتە ڕوو لە گەشەیەی خەباتی کرێکاری کە سەرەڕای هەوراز و نشێوەکانی لە ناوەڕاستی دەیەی ٨٠ی هەتاوییەوە دەستپێکردووە و درێژەی هەیە، ڕیشەی لە ئاڵوگۆڕی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئێراندایە. شەپۆلی بەرینی کۆچکردنی زەحمەتکێشان و بەشمەینەتانی گوندەکان بەرەو شارەکان لەماوەی سێ دەیەی ڕابردوو بەهۆکاری وشکەساڵی یەک لە دوای یەک و سیاسەتی دژی ژینگەی ڕژیمی ئیسلامی، نیشتەجێ بوونیان لە پەراوێزی شارەکان کە بێجگەلە فرۆشتنی هێزی کار هیچ ڕێگایەکی دیکەیان بۆ دابینکردنی



ژیانیان نەبوو، ژمارەی کرێکارانی ئێرانی زیاتر لە دوو هێندە کردووە. لەلایەکی دیکەوە ڕەوتی گەشە و پەرەسەندنی سەرمایەداریی ئێران سەرەڕای هەموو ئەو ئاستەنگانەی کە پێکهاتەی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و ئیداری دەسەڵاتدار بۆی پێکهێناوە و درێژەی ڕەوتی سەنعەتی بوون، ژمارەی کرێکارانی ناوەندە سەنعەتییەکانی چەند بەرابەر کردووە. ئەم ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییە لەلایەکەوە و سیاسەتی دژەکرێکاری و هێرشی ڕێکخراوی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی وەک خاوەنکاری گەورە و سەرمایەدارانی کەرتی تایبەت لەماوەی زیاتر لە سێ دەیەی ڕابردوو بۆ هەرزان کردنی هێزی کار لەلایەکی دیکەوە، بەستێنەکانی ئەم بزووتنەوە مەزنەی مانگرتن و نارەزایەتی کرێکارانی لەماوەی پتر لە یەک دەیە و نیوی ڕابردوودا پێکهێناوە. ئەگەر گەشە و سەقامگیربوونی موناسباتی سەرمایەداری لە دەیەی چلی هەتاوی و دوای ڕێفۆرمی ئەرزی ڕەنگدانەوەی خۆی لە ڕۆڵی چینی کرێکاری ئێران لە ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا نیشان دا، ئاڵوگۆڕەکانی سێ دەیەی ڕابردوو و ڕەوتی گەشەی موناسباتی سەرمایەداری و سەنعەتی بوون لەئێستادا خۆی لە جموجۆڵی چەند بەرابەر بەهێزتری بزووتنەوەی کرێکاریدا نیشان دەدات. ئەم خەباتە ئابوورییەی کرێکاران گەلێک جار بە بەرزکردنەوەی ئاڵای خەبات دژی بەتایبەت کردن، دژی یاسای حەقدەست، دژی شانۆی هەڵبژاردنی ڕژیم، دژی گەڵاڵەی بوودجە، لەدژی زیندانی کردنی چالاکانی کۆمەڵایەتی و لەدژی شەڕخوازی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، ئاوێتەی خەباتی سیاسی بووە. ئەم بزووتنەوە مەزنەی مانگرتن هێزی یەکگرتوویی بە کرێکارانی نیشان داوە، فێری کردوون کە بەرەنگاری دەوڵەت و سەرمایەداران ببنەوە، نیشانی داوە کە چۆن هێزی کاری ڕێکخراو دەتوانێ بۆ سەرمایە ترسناک بێت.

سەرەڕای ئەم بەئاگاهاتنەوە چینایەتییە، چینی کرێکار بەهۆی هەژاری و ئەو ئاستەنگە گەورانەی کە لە ڕێگای ڕێکخستنی جەماوەری و چینایەتیدا هەن هەتا ئێستا نەیتوانیوە لەئاستی کۆمەڵایەتیدا وڵامی پێداویستییەکانی ئەم قۆناغە شۆڕشگێڕانەیە بداتەوە. بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی قووڵبوونەوەی قەیرانی سەرمایەدرای ئێران و بەسەرەنجدان بە بەرینایی هەژاری و نەهامەتی ئابووری ئێستا و درێژەی هێرشی دەسەڵاتی ئیسلامی سەرمایەداران و سەرمایەدارانی کەرتی تایبەت بۆسەر سفرەی بەتاڵی کرێکاران، ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکاری هەروەها درێژەیان دەبێت و پەرە دەستێنن. چینی کرێکار لەسەر بەستێنی بەردەوامبوونی مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاری و بە پشت بەستن بە توێژێکی بەرین لە هەڵسووڕاوان و پێشڕەوانی خۆی کە لە کۆمیتەکانی کارخانە و کۆمیتەکانی مانگرتندا ڕۆڵێکی چارەنووسسازیان لە ڕێکخستنی مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاریدا هەبووە و بە ڕێکخستنی کۆبوونەوە گشتییەکان و بە دەخاڵەتدانی کرێکاران لە دانی بڕیار ئاراستەی شۆراییان لەناو ئەم بزووتنەوە چینایەتییەدا بەهێز کردووە، دەتوانێ بەسەر کەموکوڕییەکانی لەبواری ڕێکخستنی جەماوەری و چینایەتیدا زاڵ بێت. ڕێکخستنی جەماوەری کرێکاران لە قۆناغی شۆڕشگێڕانە و گۆڕینی هاوسەنگی هێز بەقازانجی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە، مەرج نییە تەنها پڕۆسەیەکی هەنگاو بە هەنگاو بێت، بەڵکوو دەتوانێ .بەشێوەی خێرا و بەتەوژم ڕەوتی پێگەیشتنی تێپەڕێنێ

چینی کرێکاری ئێران بەم پێشینە و پێگەیەوە، لە بارودۆخێکی تایبەتدا پێشوازی لە ڕۆژی جیهانی کرێکار دەکات. لە بارودۆخێکدا کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی شکستی یەک لە دوای یەکی بەسەردا سەپاوە، لە هەموو لایەکەوە بەرەوڕووی بنبەست و ئاستەنگی بووەتەوە و لە وڵامدانەوە بە داخوازی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانی دیکە بێتوانا و داماوە. ئەم ڕژیمە بە دیاری کردنی حەقدەستی چەند بەرابەر ژێر هێڵی هەژاری هێرشێکی تازەی بۆسەر سفرەی بەتاڵی کرێکاران دەستپێکردووە و لەژێرناوی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ناهەنجارییەکان، شەڕ دژبە ژنانی ئازادیخواز و بێحیجابی بردووەتە قۆناغێکی نوێوە. چینی کرێکار بە پشت بەستن بە یەکگرتوویی کرێکارانی پێشڕەو و سۆسیالیستەکانی ناو ڕیزەکانی خۆی پێویستە لە ئەوەڵی مانگی مەیدا هاوکات ئاڵای نا بۆ شەڕ و کێشمەکێشی کۆنەپەرستانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، نا بۆ هێرش بۆسەر ژیان و گوزەرانی کرێکاران، نا بۆ شەڕ بەرامبەر .بە ژنان، نا بۆ سزای ئێعدام، بەهێزێکی زیاترەوە بەرز بکاتەوە

لە ڕۆژی ئەوەڵی مانگی مەی بەرابەر لەگەڵ ١١ی گوڵان، کرێکارانی ئێران بە پشتیوانەی وشیاری چینایەتی و پێشڕەوان و ڕێبەرانێک کە لە ڕیزەکانی خۆیاندا پەروەردەیان کردووە و بە پشت بەستن بە دەستکەوتەکانی خەباتی پڕسۆزیان بۆ جارێکی تر بڕیاری خۆیان بۆ درێژەی خەبات دژبە سەرمایەداران و دەوڵەتی پشتیوانیان ڕادەگەیەنن. هاوڕێیانی کرێکار خواستی حەقدەسەتی گونجاو بۆ دابینکردنی ژیانێکی ئینسانی بۆ هەموو کرێکارانی لەسەرکار و خانەنشین، دابینکردنی بیمەی بێکاری بۆ هەموو کرێکارانی بێکار دەخەنە سەرووی بڕیارنامەکانیان. هاوڕێیانی کرێکار لەم ڕۆژەدا و لە بڕیارنامەکانی خۆیاندا بۆ جارێکی دیکە لەسەر ئازادی دەستبەجێ و بێ شەرت و مەرجی هەموو زیندانیانی سیاسی، ئازادی بێ شەرت و مەرجی عەقیدە و ڕادەربڕین و بیرکردنەوە، چاپەمەنی، تەحەزوب، و پێکهێنانی ڕێکخراو، هەڵوەشاندنەوەی دەستبەجێی دەرکردن و بەکردەوە دەرهێنانی سزای ئێعدام، ڕاگەیاندنی بەرابەری تەواوی مافی ژن و پیاو لە هەموو بوارێکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و بنەماڵەیی، هەڵوەشاندنەوەی بێ شەرت و مەرجی یاسا و سیاسەتی هەڵاواردن دژبە ئاراستەی جنسی و جنسیەتی، جودایی دین لە دەوڵەت، دابینکردنی ئیمەنی کار و ئەمنیەتی پیشە، هەڵوەشاندنەوەی یاساکانی پارێزەری هەڵاواردن و ستەمی نەتەوەیی و ئایینی، کۆتایی هێنان بە لەناوبردنی ژینگە، قەدەغەکردنی کاری منداڵان و دابینکردنی ژیان و پەروەردەی بەخۆڕایی تەئکید دەکەن. ڕۆژی یەکی مەی بە بەرزکردنەوەی ئاڵای ئەم داخوازییانە دەتوانێ ڕۆژی ڕاگەیاندنی بڕیاری کرێکاران بۆ گەشەپێدانی خەباتی شۆڕشگێڕانە لەپێناوی ڕووخاندنی دەسەڵاتی .ئیسلامی سەرمایەداران بێت

❊❊❊

## لابردنی دراوی دەوڵەتی  لە هاوردەکردنی دەرمان یاریکردنە بە ژیانی خەڵک

قەیرانی ئابووری بەجۆرێک فشاری خستووەتە سەر حکوومەتی ئیسلامی، کە دەوڵەتی پزشکیان بڕیاری داوە زیاتر لە ڕابردوو لە گیان و ژیانی خەڵک مایە دانێت و بەهای دراوی هاوردەکردنی دەرمان لە ٤٢٠٠ تمەنەوە بۆ ٢٨ هەزار و ٥٠٠ تمەن واتە بە ڕێژەی ٦٠٠% بەرز بکاتەوە. ئەم بڕیارە لە کاتێکدا دەرکراوە کە لەم دواییەدا نرخی دەرمانەکانی بەرهەمی ناوخۆیی ٣٠ تا ٤٠ لەسەد و دەرمانەکانی دەرەوە ١٠٠ تا ٢٠٠ لەسەد بەرز بوونەتەوە. هەر لەو پێوەندییەدا، سەرۆکی ڕێکخراوی خۆراک و دەرمانی کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاند کە هۆکاری بەرزبوونەوەی لەناکاوی نرخی دەرمان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بانکی ناوەندی نایهەوێت دراوی پێویست بۆ هاوردەکردنی دەرمان دابین بکات. ئاکامی وەها سیاسەتێکی دژەئینسانی کۆماری ئیسلامی دەبێتە ئەوە کە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا و بەتایبەت زۆرێک لە خانەنشینان کە بەهۆکاری چونەسەری تەمەن و گیرۆدەبوونیان بە نەخۆشی جۆراجۆر پێویستیان بە دەرمان زیاترە، دەستیان بە دەرمانی پێویست ڕاناگات و نەخۆشییەکانیان لێ توندتر دەبێتەوە. شۆکی چوونەسەری لەڕادەبەدەری نرخی دەرمان نەک هەر لەسەر ژیان و گوزەرانی نەخۆشەکان بەڵکوو لەسەر ژیانی ملیۆنان کرێکار و خانەنشینیش کاریگەری دادەنێت و ئەوەش .خۆی دەبێتە قەیرانێکی کۆمەڵایەتی دیکە

لەم پێوەندییەدا، وتەبێژی بەناو „کۆمیسیۆنی تەندروستی و دەرمانی مەجلس“ی ڕژیم، ڕۆژی ٣١ی خاکەلێوە وێڕای پشتڕاست کردنەوەی ئەم هەواڵە، دانی بەوەدانا کە: „بە نەهێشتنی دراوی دەوڵەتی بۆ دەرمان، لە ساڵی نوێدا شاهیدی دەرماندەیی و بێتوانایی خەڵک لەبواری دابین کردنی دەرمان دەبین. چونکە چەرخەی بەرهەمهێنانی دەرمان بەتەواوی تێکچووە. یانی ئەوەیکە دەوڵەت داخوازی سندووقی بیمەی تەئمینی ئیجتماعی نادات. دەرمانخانەکان پارەی شیرکەتەکانی دەرمانیان نەداوە. شیرکەتەکانیش پارەی کەسانێک کە دەرمان دێننە وڵاتەوە نادەن. هەربۆیە هیچ دەرمانکیش نایەتە ناو وڵاتەوە“. هەروەها پێشبینیشی کرد کە لەگەڵ بەرزبوونەوەی دراوی دەوڵەتی، خەرجی دەرمان ٢٠ بۆ ٣٠ هێندە زیاد دەکات و خەڵک ناتوانن دەرمانی خۆیان دابین بکەن، و شاهیدی دۆخێکی هاوشێوەی سەردەمی کۆرۆنا دەبین، کە دەبێتە هۆی گیانلەدەستدانی



هەزاران کەسی دیکە. هەروەها وتیشی: „ حکوومەت بە لابردنی دراوی دەوڵەتی بۆ دەرمان، لە واقعدا خەڵک دەکوژێت „. وەزیری تەندروستی دەوڵەتی پزشکیان بۆ پاساوکردنی گرانبوونی دەرمان وتی: „ حکوومەت بۆ ڕێگریکردن لە کەمبوونی دەرمان لە بازاڕدا ڕەزامەندی دەربڕیوە لەسەر بەرزکردنەوەی نرخی دەرمان „. بێگومان ئەم بابەتە دەتوانێ کێشەی دەستڕاگەیشتن بە دەرمان بۆ کارگێڕانی حکوومەت و سەرمایەداران چارەسەر بکات، بەڵام زۆرینەی ڕەهای کرێکاران و خانەنشینان لە دەستڕاگەیشتن بە .دەرمان بێبەری دەکات

بە پێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی جەهانی سەنعەت، بەهای قەرزەکانی حکوومەت بە سازمانی تەئمینی ئیجتماعی، بە پێچەوانەی هەندێک ئامار، لەئێستادا ٩٠٠ ملیارد تمەنی تێپەڕاندووە. چونکە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا حکوومەت لە سندوقەکانی تەئمینی ئیجتماعی پارەی هەڵگرتووە و نەیداوەتەوە. هەروەها بوونی گەندەڵی و دزی و ڕانتخۆری لەلایەن بەرپرسان و دەست و پەیوەندەکانی حکوومەتەوە هۆکارێکی دیکەی بەتاڵبوونی سندوقەکانی خانەنشینی و تەئمینی ئیجتماعی بووە. ئەوان بە کەڵک وەرگرتن لە ڕانتی دەوڵەتی و لەژێرناوی هاوردەکردنی دەرمان، زۆر جار بە ملیۆن دۆلار لە بانکەکان دراویان وەرگرتووە. بەڵام لە جیاتی دەرمان، کاڵای دیکەیان هێناوەتەوە ناو ئێرانەوە، چونکە بۆ ئەوان قازانجی زیاتری تێدا بووە. لە ئاکامدا دەرمان لەئاستی وڵاتدا کەم بووتەوە و نەخۆشەکان ناچار بوون زیاتر لە ٨٠%ی خەرجی دەرمان بۆخۆیان بیدەن. ئەندامی کۆمیسیۆنی تەندروستی و دەرمانی مەجلیس وێڕای پشتڕاست کردنەوەی ئەم بابەتە دانی بەوە دانا کە لەئێستادا ٣٥٠ تا ٤٠٠ جۆر دەرمان کە بەشێکیان دەرمانی نەخۆشییە قورسەکانی وەک سەرەتان و نەخۆشی دڵ و .ئەعسابن، بە زەحمەت پەیدا دەبن

بەلەبەرچاوگرتنی بەرزبوونەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی نرخی دەرمان و پەرەسەندنی هەژاری، زۆرینەی خەڵک توانای دابینکردنی هەزینەی گرانی دەرمانیان نییە و بە دەست و پەنجە نەرم کردن لەگەڵ ئازار و نەخۆشی، لە چاوەڕوانی مەرگدا دەمێننەوە.

دەبیری ناوەندی خانەنشینانی تەئمینی ئیجتماعی تاران ڕۆژی ٢٨ی مانگی خاکەلێوە وتی: „دەوا و دەرمان بووەتە گرفتێکی جدی کۆمەڵایەتی. تا ڕادەیەک کە زۆرێک لە نەخۆشەکان ناتوانن ئەو دەرمانانەی پێویستیان بکڕن و نەخۆشخانەکانیش ئەو کەسانە وەرناگرن کە توانای دابینکردنی خەرجی خۆیان نییە. وەها بارودۆخێکی فەلاکەتبار لە بواری دەرمانیشدا بە مانای ئیفلاس و داماوی تەواوی حکومەتی کۆماری ئیسلامییە.

خۆدزینەوەی کۆماری ئیسلامی لە دابین کردنی خزمەتگوازی دەرمان بۆ خەڵک بەبیانووی گەمارۆکان و هیتر، بەخاتری نەبوونی



پارە نییە. چونکە ڕژیم لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا ڕۆژانە زیاتر لە یەک ملیۆن و نیو بەرمیل نەوتی فرۆشتووە. ئەم خۆدزینەوە لە بەرپرسایەتییە، لە کاتێکدایە کە سپای پاسداران لە تەلەڤیزیۆنە حکومەتییەکاندا، باس لە شاری مووشەک و درۆنەکانیان دەکات کە بە قسەی خۆیان لە قووڵایی ٥٠٠ میتری عەرزدان و بە هەزینەی زۆر دروستیان کردوون. سەدان ملیارد دۆلار کراوەتە خەرجی پرۆژەی ئەتۆمی. لە کاتێکدایە کە مانگی ڕابردوو نەعیم قاسم ڕێبەری حیزبوڵڵای لوبنان بەخاتری وەرگرتنی یارمەتییەکی ٧٧ ملیۆن دۆلاری، سوپاسی خامنەیی کرد. حکومەتی ئیسلامی لە جیاتی دابین کردنی خەرجی ژیان و دەرمان و تەندروستی خەڵک، سەروەت و سامانی کۆمەڵگا کە بەرهەمی ڕنج و کاری کرێکارانە و هی هەموو خەڵکی ئێرانە، لەپێناوی پێشخستنی پرۆژەکانی بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتەکەی، بەفیڕۆ دەدات.

بێگومان وەها بارودۆخێکی فەلاکەتبار ناتوانێ درێژەی بێت. ئابووری ڕژیم بەتەواوی تووشی چەقبەستوویی و بنبەست بووە. لە کاتێکدا کە خامنەیی فریوکارانە باس لە گەشەی ٨%ی ئابووری لە ساڵی نوێ دەکات، بانکی جیهانی و سندووقی نێونەتەوەیی دراو، گەشەی ئابووری ژێر سفریان بۆ ئێران پێشبینی کردووە. کە تەنانەت لەدوای گەشە ئابوورییە دوو و نیو لەسەدەکەی حکومەتی تاڵەبانیشە. لەم ڕووەوە، کاربەدەستان و مۆرەکانی حکومەت نیگەرانی ڕوودانی تەقینەوەی کۆمەڵایەتی و رووخانی حکومەتی ئیسلامین. ڕەحمانی فەزلی وەزیری ناوخۆی جنایەتکاری دەوڵەتی ڕووحانی کە فەرمانی کوشتنی خەڵک لە ئیعترازاتی مانگی خەزەڵوەری ٩٨ی دەرکرد، وێڕای وەبیرهێنانەوەی ئەم جنایەتە، باسی لەوە کرد کە بارودۆخی ئێستا زیاتر جێی نیگەرانییە و لەم بارەوە هۆشداری بە حکومەتی ئیسلامی دا. ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی حکومەتی ئیسلامی ئەو مۆتەکەیە کە سەرانی ڕژیمی تۆقاندووە.

❊❊❊

## بەیاننامەی ئەنجومەنی مامۆستایانی هەرسین بۆ مەحکووم کردنی پەرەپێدانی توندوتیژی سیستماتیک لەلایەن وەزیری پەروەردەوە

جەنابی سەرباز سەردار ڕادان:

پەروەردە و بارهێنان، "قەڵەم" بە "باتۆم" ناگۆڕێتەوە. ئەگەرچی لە مەکتەبی توندوتیژییەوە بوویتە سەرۆکی ئەم وەزارەتە، بەڵام دڵنیا بە کە خوێندکاران نابنە ماشە کێشی ئیدئۆلۆژی ڕەسمی دەسەڵات و نابنە سەرسپێردراوانی بێ مێشکی ئەو توندوتیژییەی ئاسایی کراوەتەوە

شکستی ئیسلامی سیاسی لە گشت کۆمەڵگا و جیهان، حەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگرە. بە پەرەپێدانی توندوتیژی لە بواری پەروەردەدا نەجاتی نابێت. ئەسڵەن هیچ ڕێگایەک نییە بۆ نەجاتدانی.

نەوەی دوای ژینا، ڕێبازی بەنگاربوونەوە و وەستانەوە بەرامبەر بە سەرشۆڕی و کۆیلایەتی لە دەرەوەی سیستمە پادگانییەکەی ئێوە فێربووە. ناتوانن شتێک کە کۆمەڵگا نایهەوێ، بەسەریاندا بسەپێنن. ئەوە گەورەترین دەرس بوو کە لە کچان و کوڕانی ئازادیخواز فێری نەبوون. هەر بۆیەش ڕێگای پەرەپێدانی ئیدئۆلۆژی پرتووکاو و شکستخواردووی خۆتان گرتووەتە بەر، کە ناتوانێ هیچ کاریگەرییەکی سیاسی و فەرهەنگی لەسەر کۆمەڵگا دابنێت

بە ئاگاداربوون لە هێزی ڕادیکاڵ و عەقڵانی خوێندکاران و مامۆستایانی بیرمەند، هۆشدارتان پێ دەدەین: " پەروەردە مەیدانی ڕمبازێنی نیزامی نییە. پەروەردە پرۆسەیەکی عەقڵانییە، ڕەخنەگرتنە لە هەموو شتێک کە پیرۆز کراوە، پرسیارکردنە لە هەموو شتێک کە قەدەغە کراوە و سەرپێچی کردن لە هەموو شتێکە کە دەسەڵات دایسەپاندووە. دڵنیا بن ناتوانن بە هیچ هێزێک بەر بەم ڕەوتە بگرن.

ئەم ڕێککەوتننامەیە لەلایەن کۆمەڵگەی پەروەردەوە، بڕیاری لەسەر کارلابردن و بێدەسەڵات کردنی ئێوەیە. تەنانەت ئەگەر لە واقیعیەتدا چەند ساتێکی تر بۆ نۆکەری کردن لە دەسەڵاتدا بمێننەوە

ئەنجومەنی مامۆستایانی هەرسین

٢ی گوڵانی ١٤٠٤

❊❊❊

## هۆشداری شۆرای هاوئاهەنگی ڕێکخراوە پیشەییەکانی مامۆستایانی ئێران بە وەزارەتی پەروەردە
## مامۆستایان ڕێگە نادەن خوێندنگاکان بکەنە سەربازگە


بەدوای لێدوانەکانی وەزیری پەروەردە کە خۆی بە "سەرباز ڕادان" ناوبرد، محەمەد حەبیبی، وتەبێژی شۆرای هاوئاهەنگی، ڕایگەیاند کە شۆرا هاوئاهەنگی ڕێکخراوە پیشەییەکانی مامۆستایانی ئێران ئەم هەڵوێستە تێکەڵ بە سووکایەتی و نیگەرانکەرە، بە توندترین شێوە ئیدانە دەکات

وەزارەتی پەروەردە موڵکی شەخسی وەزیر یان مەیدانی نمایشی هێزی سەربازی نییە. هاتوچۆی هێزی ئینتزامی بۆ ناو چوارچێوەی ئەمنی خوێندنگاکان، کارێکی بەئاشکرا نایاسایی و سەرکوتگەرانە و پێشێلکردنی مافەکانی خوێندکاران و مامۆستایانە

پەروەردە بە باتۆم و بە هەڕەشە بەڕێوە ناچێت. هۆشدار بە وەزیری پەروەردە دەدەین کە ئەرکی بەرگریکردنە لە کەرامەتی مامۆستایان و ئەمنیەتی دەروونی خوێندکاران، نەک گوێڕایەڵی و ملکەچبوون لە بەرامبەر ناوەندە نیزامییەکان. بێگومان مامۆستایان لە سەرتاسەری وڵات ڕێگە نادەن خوێندنگاکان بکرێنە پادگان و سەربازگە

شۆرای هاوئاهەنگی ڕێکخراوە پیشەییەکانی مامۆستایانی ئێران

❊❊❊



## بەیاننامەی ڕێکخراوە سەربەخۆکان

## بۆ مەحکووم کردنی ڕێککەوتننامەی وەزارەتی پەروەردە و هێزی ئینتزامی چوونی پۆلیس بۆ ناو خوێندنگاکان بۆ سەرکوتکردنی خوێندکاران و مامۆستایانە!

لە بارودۆخێکدا کە وەزارەتی پەروەردە وەک دامەزراوەی بەرپرسی پەروەردەی خوێندکاران، کە بریتین لە منداڵ و تازەلاوان و گەنجان ، ناتوانێ ئەرکی خۆی لە دابینکردنی ژینگەیەکی پەروەردەیی ئەمن و ستاندارد و شاد بە جێ بێنێت. لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ چوونەسەری لەڕادەبەدەری خەرجی خوێندن و بەهۆی هەژارییەکی بەرین کە بەسەر خەڵکدا سەپاوە زۆرێک لە خوێندکاران لە چەرخەی خوێندن دەچنە دەر، لە درێژەی ئەم بێتوانایی و بێ کفایەتییەدا، وەزارەتی پەروەردە لە هاوپەیمانییەکی نامۆبارەکدا لەژێرناوی „تەفاهومنامە“، لەگەڵ ناوەندێک هاوئاراستە و هاوەدەنگ بووە کە بێجگەلە سەرکوت و توندوتیژی و زەوتکردنی ماف و ئازادییە ڕەواکانی هەمموو بوارەکانی کۆمەڵگا، شتێکی تری لە کارنامەدا نییە. بە جێبەجێکردنی وەها پلانێکی سەرکوتگەرانە، خوێندنگاکان دەبنە شوێنی هەڵسووکەوتی ئەمنی و نیزامیگەری و توندوتیژی و سەرکوت بەرامبەر بە خوێندکاران و مامۆستایان و هیچی تر.

ئامانجی ئەم پرۆژەیە ڕوونە: چونکە دەوڵەت و وەزارەتی پەروەردە، خوێندکارانی مەدرەسەکان کە توێژێک لە لاوان و تازەلاوانی بەسۆز، پرسیارکەر و ناڕازی و جەسوور لە خۆدەگرێت، بە چاوی مەترسی و هەڕەشە چاو لێدەکەن. بەتایبەت بزووتنەوە ئیعترازییەکانی ئەم دواییە و بەشداری بەرینی خوێندکارانی ناڕازی لە ئاستی شەقامەکان و ناوەندەکانی پەروەردە، دەسەڵاتی زیاتر ترساندووە. هەر بۆیە ئەم دوو دامەزراوەیە سەرەڕای جیاوازی ئەرکەکانیان، دەبنە دوو باسکی سەرکوتکردنی حکوومەت کە هەم دەیانەوێت لە ڕێگەی پەروەردەی ئایدیۆلۆژیکی ژەهراوییەوە دەروون و مێشکی خوێندکارانی لاو کۆنترۆڵ بکەن و هەم لە ڕێگەی میلیتاریزەکردنی خوێندنگاکانەوە، فەزایەکی نائەمن پێکبهێنن. نیزامی سیاسی دەسەڵاتدار، ئەم ڕێککەوتنامە ئەمنیەتیەی نێوان هێزی ئینتزامی و وەزارەتی پەروەردە، لە درێژەی سیاسەتە دژە پەروەردەییەکانی لەوانە ژەهراویکردنی خوێندکاران، زیندانی کردنی مامۆستایانی بەڵێندار و هوشیار و دامەزراندنی تەڵەبە لەجیاتی مامۆستا، بەڕێوە دەبات. ئەزموونی مێژوو ئەوەمان بۆ دەردەخات کە حکوومەتە پاوانخوازەکان هەمیشە سێبەری سەرکوتیان بەسەر ناوەندەکانی پەروەردەدا




کێشاوە. داخستنی زانکۆکان لەژێرناوی ئینقلابی فەرهەنگی، چوونی هێزی ئینتزامی بۆ ناو زانکۆکان و هێرش بۆسەر کوی دانشگاه، چەند نموونە لەو پرۆژانە بوون کە ئامانجیان کۆنترۆڵ کردنی ئیعترازاتی بزووتنەوەی پێشڕەوی خوێندکاری بوو. لەئێستاشدا، بەتەمان خوێندنگاکان بکەنە سەربازگە و بە توندوتیژی و سەرکوت خوێندکاران و مامۆستایان چاوترسێن بکەن.

بەڵام بێگومان ئەم سیاسەتە مەحکووم بە شکستە. خوێندکاران و مامۆستایانی هوشیار ڕێگە نادەن دوژمنانی زانست و پەروەردە و ئاگایی، بە ئامانجە نگریسەکانیان بگەن. هەروەک لە ڕابردووشدا بینیمان، بەسیجی مەدرەسەکان و ئۆموری تەربیەتییەکان نەیانتوانی لە پێکهێنانی بەربەست لە ناوەندەکانی پەروەردەدا، سەرکەوتنێک بەدەست بێنن. لەپێناوی سەلامەت و خاوێن ڕاگرتنی شوێنەکانی پەروەردە، ئەرکی هەمموو تاکەکانی کۆمەڵگایە، ئەرکی دایک و باوک و بنەماڵەی خوێندکارانە، ئەرکی مامۆستایان و هەمموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتنخوازەکانە کە بەرەنگاری وەها پیلانێکی سەرکوتگەرانە ببنەوە. ڕێکخراوە واژۆکارەکانی ئەم بەیاننامەیە کە بەشێک لە چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێشی ئێرانن، هاوەدەنگ لەگەڵ هەمموو هێزە هوشیار و ناڕازییەکان، ئەم سیاسەتە دژەپەروەردەییە ئیدانە دەکەن و خوازیاری دژایەتی لەگەڵ ئەم ڕێککەوتنامەیە و .ڕێگریکردن لە چوونی هێزە نیزامییەکان بۆ خوێندنگاکانین

٣ی گوڵانی ١٤٠٤ی هەتاوی

سەندیکای کرێکارانی نەیشەکەری حەوت تەپە
کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ یارمەتیدان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان
گرووپی ئیتحادی خانەنشینان
کرێکارانی خانەنشینی خووزستان

❋❋❋

## بەیاننامەی ناڕەزایەتی سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحیدی ئۆتۆبووسرانی تاران و دەوروبەر

## بۆ مەحکووم کردنی سیاسەتی سەرکوتگەرانە لە خوێندنگاکان و پێویستی دەست لە کار کێشانەوەی وەزیری پەروەردە

سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحید لەئاست ڕێککەوتننامەی ئەم دواییەی نێوان وەزارەتی پەروردە و فەرماندەی هێزی ئینتزامی تاران سەبارەت بە هەڵسووکەوتی پۆلیسی و ئەمنیەتی لەگەڵ خوێندکارانی کچ بەهۆی ڕەچاونەکردنی حیجابی ئیجباری، نیگەرانی قووڵ و دژایەتی ڕاشکاوانەی خۆی ڕادەگەیەنێت.

ئەم بڕیارە نەک هەر پێشێلکردنی مافە سەرەتاییەکانی خوێندکارانی کچە، بەڵکوو ژینگەی پەروەردەییش لە جیاتی ئەوەی شوێنێکی ئەمن بۆ فێربوون بێت، دەکاتە کەشێکی پڕ لە ترس و هەڕەشە بۆ خوێندکاران و مامۆستایان. ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین کە زانست و زانیاری دەبێ بە دوور لە هەر جۆرە دەستوەردانێکی پۆلیسی و ئەمنیەتی بێت وکەشێکی ئازادانە لە ناوەندەکانی پەروەردە لەئارادابێت و هەمموو کۆمەڵگاش بتوانێ دەستی پێی ڕابگات. چوونی هێزی ئینتزامی بۆ خوێندنگا و زانکۆکان، پێشێلکردنی ئاشکرای چوارچێوەی پەروەردە و ژیانی خوێندکاران و بنماڵەکانیانە و ناتوانین و نابێ قبووڵی بکەین.

ئێمە وەک بەشێک لە کۆمەڵگەی کرێکاری ئێران کە منداڵەکانمان ڕاستەوخۆ دەکەونە ژێر کاریگەری ئەم سیاسەتە وێرانکەرەوە، لێبڕاوانە خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی بێ شەرت و مەرجی ئەم ڕێککەوتننامە سەرکوتگەرانەیەین. وەها کردەوەیەک کە بە ئامانجی گۆڕینی خوێندنگاکان بۆ جۆرێک لە سەربازگە ئەنجام دەرێت، نە تەنیا دژی بنەماکانی پەروەردە و فێرکردنە، بەڵکوو نیشانەی ڕوانینی ئیقتدارگەرایانە و ئەمنیەتی بە فەزای پەروەردەیە. وەزیری پەروەردە بەهۆی نەخشی ڕاستەوخۆی لە جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە مەترسیدار و دژەزانستەدا، پێویستە دەستبەجێ دەست لە کار بکێشێتەوە و وەڵامی بیروڕای گشتی و کۆمەڵگای ناڕازی بداتەوە. هەر بڕیارێکی سەرکوتگەرانە کە ئازادی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی لەوانە حیجابی ئیختیاری سنووردار بکات و بەتاوان پێناسەی بکات، بەتوندی مەحکووم دەکەین. نابێ لە بەرامبەر وەها هەوڵێکی سەرکوتگەرانەدا بێدەنگ بین.

داوا لە هەمموو ناوەند و ڕێکخراوەکانی کرێکاری، سینفی و مەدەنی دەکەین کە لەگەڵ خوێندکاران، مامۆستایان و کچانی ئێمەدا بوەستنەوە و ئیعترازاتی خۆتان بەشێوەی جۆراوجۆر نیشان بدەن. ئێمە هۆشداری دەدەین کە درێژەدانی ئەمجۆرە سیاسەتانە تەنیا دەبێتە هۆی پەرەسەندنی هەرچی زیاتری ناڕەزایەتییە گشتییەکان و بۆ جارێکی تر لێکەوتەی قورسی بۆ بڕیاردەرانی بەدواوە دەبێت.

به هیوای بەرقەراربوونی عەداڵەت لە ئێران و سەرتاسەری جیهان

سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحیدی ئۆتۆبووسرانی تاران و دەوروبەر
٢ی گوڵانی١٤٠٤ی هەتاوی

❋❋❋

## شێعر

### "بۆ حیزبی پێشڕەوی کرێکار"

هەستن ئەی هۆزی بەش مەینەت
دیلانی برسیەتی دونیا
لە تەنوورەی بیر و باوەڕمان
قرمزنی تریشقە ڕاسا
**
دەبا ڕیزی چەوسێنەران
لــە بەرانبــەر ئیــرادە و خــۆ ڕاگری ئێمــەدا بلــەرزن
ئێمە هیچمان بۆ لە دەست دان پێ نەماوە و
دونیایەکمان لەبەر چاوە.
**
ڕقی ئێمە وا هێزێکەو
چاوەڕێ کەن لە خەو هەستێ
مشتی ئێمە
دروشمێکە و ئاسۆیەکە
بەرەو ئاسمان گڕێ ئەدرێ
خوێنی ئێمە
ئالایەکە و ڕاپەرینە
وا سوور و گەش تێدەخرۆشێ
**
ئێمە تەونی گۆشەی ماڵە نزمەکان و
ترپەی دڵ و گرمەی گەروو
دەنگی ژنانی هەژارین
**
قفڵی زیندان
شیر و شمشێر
بە دەستی ئێمەیە دەشکێ
قەڵەمی بەکرێ نەگیراو و دیل کراو
ڕزگار ئەبێ.
**
کام کێو بەرزە فەتحی ئەکەین
کام لووتکە دەستی پێ ڕاناگا
قورس و قایم
هەنگاوی لە سەر دائەنێین
**
ئێمە ئەسی شێت زین ئەکەین
هەوسار بەدەست
بە چوار ناڵە لێی لنگ ئەدەین
ئێمە کارین
کرێکارین
دژ بە سەرمایە و بازاڕین
چەند سەدەیە لەم کۆمەڵگا
ئێمە باسکی بەرهەم هێنەر
ئیمە دەستی خوڵقێنەرین
بۆ ڕەوت و ڕێبازی مێژوو
ئێمە وەرزی بزوێنەرین
**
چاو ئێمە
ڕوون و پاکە
لە چاوی سەرکوتگەر ناچێ
جل و بەرگی شڕ و دڕاوی بەر ئێمە
لە باڵای چەوسێنەر ناچێ
**
ئێمە لە گەڵ کاک حەمەحسەین ڕێ ئەکەین
بە بێ غوڵامی کەشاوەرز ڕێ دەرنابەین
حیزبی ئێمە لە حیزبی بورژواکان ناچێ
وەک خەباتی چینایەتی
تێکۆشەرانی مێژووی ئازایەتی
وەکوو بارانی وشکە ساڵ
وەکوو نانی دڵخۆشکەری
سفرەی خرت و خاڵی و بەتاڵ
وەکوو ژینێکی ئینسانی
لە بۆ گەورە
لەبۆ مناڵ
وەکوو ڕچەی کاک فوئاد و
چاوی تیژی دوکتور جەعفەر
یادی ئازیزی کاک خانەو
دەنگی دڵێری کەمانگەر
وەکوو زیندوو بوونەوەی عەرز
وەکوو بەهار
وەکوو شۆڕشی ئەمجارە
بۆ ڕزگار بوونی یەکجاری
وەک کۆمەڵە.

**لە لایەن هاوڕییەکمان لە شارەوە**

**فێبرواری ٢٠٢١**

❊❊❊




### کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :

دەسـپێکی بەرنامـەکان، ١٦:٣٠ ، چـوار و نیـوی ئێـوارە
دوپاتـەی دەوری ئـەوەڵ، ٢٢:٣٠، دە و نیوی شـەو
دوپاتـەی دەوری دوهـەم، ٤:٣٠، چـوار و نیوی سـەر لـە بەیانی
دوپاتـەی دەوری سـێهەم، ١٠:٣٠، دە و نیـوی بەیانـی

**پێشـــــــڕەو**
ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

**نوێنە رایە تیی کۆمە ڵە لە دە رە وە ی وڵات**
representation.of.komala@gmail.com

**ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب**
international@cpiran.org

**دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
dabirxane.cpi@gmail.com

**ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥
٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧